دووهەفتەنامەیەکی سیاسیی گشتییە، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان دەریدەکات

# دواڕۆژ

٢٠٢٦/١/٢٢ـ ٢ی ڕێبەندانی١٤٠٤ی هەتاوی، ساڵی دەیەم، ژمارەی ١٤٢

dwaroj.net



## کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان:
# ڕێز لە ئیرادەی بەرگریی ڕۆژئاوا دەگرین و پاڵپشتیانین

## سەروتار

### دەرفەتێک بۆ ڕزگاربوونی ڕژیم ڕچاو ناکرێ

**عەزیز ئاجیکەند**

کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ قووڵترین قەیرانی مەشرووعییەت، ئابووری، سیاسی، ناوخۆیی و دەرەکی، دەست و پەنجە نەرم دەکات. تان و پۆی کۆمەڵگای ئێران، بە خەبات و بزووتنەوە و ناڕەزایی جەماوەری بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ و ڕزگاری لە دەسەڵاتی فاشیستی ئایینی تەنراوە. ڕژیمی ئێران وەکوو حکوومەتی کوشت و بڕ و سەرکوتی خەڵکی ناڕازی زیاتر لە جاران ناسراوتر و کەوتۆتە پەراوێزەوە. بزووتنەوەی ڕووخانی حکوومەت و ئاخێز و ڕاپەرینەکانی خەڵک، مانگرتن و ناڕەزایی بەرین، وای لە دەسەڵاتی سیاسیی ئێران کردووە کە تەنها بە سەرکوت و کوشتن دەتوانێ دەسەڵاتی خۆی بپارێزێ. ڕژیمی ئێران دەبێ بڕووخێ و ڕێگەیکی بۆ ڕزگاری لەو چارەنووسە نییە. خامنەیی و ڕژیمەکەی لەگێژاوێکدا گیریان خواردووە کە دەرفەتێک بۆ ڕزگاربوونیان نابینندرێ. دەسەڵاتی ٤٧ ساڵەی ڕژیمی ئێران ژیان و داهاتووی زیاتر لە ٩٠ میلیۆنی کردووەتە قوربانیی سیاسەتە فاشیستییەکانی.

ئەمڕۆ لە ئێران تەنانەت شرۆڤەکارانی حکوومەتیش ناتوانن حاشا لە بوونی بزووتنەوەیەکی بەهێزی کۆمەڵایەتیی بکەن کە خوازیاری نەمانی ئەم دەسەڵاتەیە. ئەم بزووتنەوەیە سەرەڕای سەرکوتی خوێناویی، بەڵام لە دامرکانەوەدا خۆی نابینێ و بڕیاری داوە کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی یەکلایی کاتەوە. ئەوەی لە شەقامەکانی شارەکاندا دەبیبیندرێ بەرخۆدان و سەرهەڵدانێکی شۆڕشگێرانەیە کە سەنگەر بە سەنگەر دەچێتە پێش بۆ شکانی بڕبڕەی پشتی دەسەڵاتێکی پڕچەک و خوێنمژ. چەخماخەی شۆڕش و ململانێ لێدراوە و پاشەکشەی پێناکرێ. سازان و پاشەکشەی کۆماری ئیسلامیی و بە چۆک داهاتنیشی لە بەرانبەر ئەمریکا و زلهێزە جیهانی و ناوچەییەکانیش ناتوانێ مانەوەی ڕژیم زەمانەت بکات. ئەمڕۆ"شەقام" بۆتە بەستێنی خەباتی پڕگوڕوتینی کچان و کوڕانی لاو و تازەلاو کە لەم ڕێژیمە بێزارن و دەخوازن ئەم ڕێژیمە بخەنە گۆڕستانی مێژووەوە. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی سەرانسەری کەبەدوای هەڵاوسان و ناجێگیریی بێوێنەی بازاڕی دراو و کاریگەرییەکانی لەسەر بەرزبوونەوەی نرخی کاڵا پێویستییەکانی ڕۆژانەی خەڵک دەستی پێکرد، لەڕاستیدا هەڵچوونی تووڕەیی و ناڕەزایەتیی پەنگخواردووی ٤٧ساڵی ڕابردووی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشە دژبە دەسەڵاتی ئیسلامیی. تووڕەیی و ناڕەزایەتی جەماوەری خەڵکە بەرانبەر بە داسەپاندنی هەژاری و برسییەتی، دیکتاتۆری و زەبر و زەنگ و سەرکوت و کوشتار. خەڵکی وەگیانهاتوو پشتێندیان توند کردووە کە بە کەمتر لە ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیی ڕازی نەبن. ئەم ئاخێزانە سات بە سات ڕوو لە هەڵکشان دەکەن و جەماوەریتر و ڕێکخراوتر دەبن و بەرەو ئەوە هەنگاو دەنێن

...بۆ ل ٢

## ڕەزا کەعبی:
# ئیرادەی کوردستان لە چەکی چەوسێنەران بەهێزترە



پەیامی هاوڕێ ڕەزا کەعبی ڕوو لە خەڵکی کوردستان بۆ مانگرتنی ١٨ی بەفرانبار بۆ نەتەوەی خەباتکاری کورد بۆ خەڵکی کوردستان بۆ ژنانی خولقێنەری ژن،ژیان،ئازادی بۆ لاوانی چاونەترس و خەباتکارانی ڕێگەی ئازادی و یەکسانی بۆ ئەوانەی ئەمڕۆ لە مەڵەکشای و ئیلام و کرماشان و هەموو کوردستان وەک قەڵایەکی قایم لەەرانبەر بە تاریکی و ستەم قارەمانانە وەستاون. نزیک نیو سەدەیە، ئێوە لە بەرامبەر حکوومەتی ئیسلامیی ئێراندا، مەشخڵی ئازادیتان لە تاریکترین شەوەکانی ئەو دەسەڵاتەدا هەڵگرتووە. ئێوە لە بەرانبەر داگیرکاری، چەوسانەوە، توندوتیژی و نادادپەروەریی سیستماتیکی ڕژیمێکدا خۆڕاگربوون کە زیاتر لە هەموو شتێک لە یەکگرتوویی و دەنگی ئێوە دەترسێت. ئەمڕۆ جیهان نەتەوەیەک نابینێ کە دەناڵێنێ، بەڵکوو میللەتێکی ڕاپەڕیو دەبینێ کە وەک هەمیشە نایەوێ ماف و شکۆ و کەرامەتی لە لایەن حکوومەتی تاوانباری ئێرانەوە پێشێل بکرێ. کوردستانیانی تێکۆشەر، ئێوە میراتگری شانازییەکن کە بە گوللە و زیندان تێناشکێت...

...بۆ ل ٢

## تەوژمی سڕینەوە و مانیفێستی مانەوە:
# خوێندنەوەیەک بۆ شەڕی هێماکان لە کوردستان

**بێگەرد ساڵح**

لە مێژووی ململانێی نەتەوەکاندا، «سیمبول» تەنها ئاماژەیەکی بێ ڕۆح نییە، بەڵکو چڕبوونەوەی ناسنامە و یادەوەرییەکی زیندووە کە داگیرکەران وەک هەڕەشەیەکی ستراتیژی سەیری دەکەن. کاتێک جەستەی پەیکەرێک یان شکۆی تێکۆشەرێک دەکرێتە ئامانج، ئەوە جەنگێکی ڕانەگەیەندراوە لە دژی «ئیرادەی گشتی» و هەوڵێکە بۆ دابڕانی نەوەی نوێ لە ڕەگ و ڕابردووی خۆی. ئەو ڕووداوانەی ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای نیشتمان ڕوو دەدەن، تەنها ڕووداوی پچڕ پچڕ نین، بەڵکو زنجیرەیەک نیشانەی ڕوونن کە پێمان دەڵێن چەمکی «ئەویتر» لە عەقڵییەتی شۆڤێنیدا هێشتا وەک مەترسییەک بۆ سەر هەژموونە کۆنەکان دەبینرێت، ئەمەش وا دەخوازێت کە کورد لە ئاستی هۆشیاریی سیاسی و نەتەوەییدا، خوێندنەوەیەکی قووڵتر بۆ دۆست و دوژمنەکانی بکات.

لەم ڕۆژانەدا لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکاندا وێنە و فیلمگەلێک بڵاودەبێتەوە کە دڵی هەموو کوردێکی ئازادیخواز ئازار دەدا. ڕووداوەکانی ڕۆژئاوا، ڕۆژهەڵات، زوڵم و زۆری داگیرکەران، بێڕێزی لە لایەن لایەنگرانی کوڕی شا و کاڵفامانەوە کە بە کورد دەکرێ و لەم دوایانەیش ڕووخانی پەیکەری ئەو ژنە شەڕڤانە، گوزارشت لە ستراتیژێکی قووڵ دەکەن بۆ سڕینەوەی ناسنامەی سیاسی و مێژوویی نەتەوەیەک کە چەندین سەدەیە لە پێناو ئازادیدا قوربانی دەدات.



دیمەنی ڕووخاندنی پەیکەرەی ژنە شەڕڤانەکە، دڵی هەر کوردێکی ئازادیخواز پڕ دەکا لە کڵپەیەک کە تێکەڵەیەکە لە تووڕەیی و خەم. ئەمە تەنها ڕووخانی پارچە بەردێک نییە؛ ئەمە هەوڵێکە بۆ شکاندنی شکۆی نەتەوەیەک کە لە چوارچێوەی جوگرافیایەکی داگیرکراودا.

ئەو پەیکەرە تەنها ماکێتێکی بێگیان لە بەرد و کانزا نەبوو؛ بەڵکوو سیمبولێکی مێژوویی بوو کە گوزارشتی لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ڕزگاریخوازیی ژنی کورد دەکرد. ڕووخاندنی ئەم پەیکەرە، هەوڵێکە بۆ «تێرۆری مەعنەوی» و سڕینەوەی ئەو سەروەرییانەی کە بە خوێنی هەزاران گەنج بەدەست هاتوون.

...بۆ ل ٢

## دریژەی سەروتار

کە جەماوەرێکی زیاتر لە هەموو توێژەکانی کۆمەڵگا بەرەو خۆیان ڕاکێش کەن . لە خۆپیشاندانەکانی ئێستادا، لاوان بەتایبەت ژنان بەشداری و ڕۆڵێکی بەرچاویان لە ڕێکخستن و بەکارهێنانی تاکتیکی مەیدانی و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامییدا هەیە. کە ئەمەش خاڵی هەرە بەهێزی ئەم خۆپیشاندانانەیە. کوردستان و خەڵکی کورد پێگەیەکی تایبەتیان لە خەبات دژی کۆماری ئیسلامیدا هەیە. لێرە لە کوردستان، جەماوەر دژی داگیرکارین و سەنگەر بەسەنگەر لەگەڵ ڕژیم لەشەڕدان و لە بەرانبەر تاوانەکانی ڕێژیمدا نەک بێدەنگ نین بەڵکوو دەنگی هەر تاکێک ترسی مەرگ دەخاتە جەستەی کاربەدەستانی ڕژیم. لە کوردستان خەڵک یەکدەنگ و هاو ئاهەنگن و لە بەرانبەر پەلەقاژەی کۆماری ئیسلامییدا، خاوەن ئیرادەیەکی بەهێزن. خەڵکی کورد پەیام و دەنگی خۆی گەیاندووەتە تاران و شێلگیرانە هەموو دەسەڵاتی کۆماری داگیرکەری ئیسلامیان کردووەتە ئامانج. شۆڕشی کوردستان هاواری ئینسانی سەردەمە. خەڵکی کوردستان دەسەڵاتی فاشیستیی ناوێ و ئازادی و خاوەن مافبوونی ژنان و ڕەگەزەکانی دیکە بە مەرجی ئازادیی خۆی دەزانێ. خەڵکی کورد خوازیاری دەسەڵاتی ئایینی نین. کوردستان مێژوویەکی دووروودرێژی لە خەبات بۆ وەدەسهێنانی سەروەریی سیاسی و مافی چارەی خۆنووسیندا هەیە، لەم ڕێگە دووروودرێژەدا کوردستان خەباتێکی گەش و ڕوو لە پێشکەوتنی بووە و هەموو کاتێک پێشرەوترین ئامانجە یەکسانیخوازانە و ئینسانییەکان تێیدا بەرچاو بووە. شۆڕشی یەکسانی لە کوردستان، لووتکەی گەشەی بزووتنەوەی کوردستانە بۆ بەردەوامی لە پێشەنگایەتیی خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی. کوردستان بەردەوام ئامادەی شۆڕش و بەرخۆدانە و شێلگیرانە هاندەر و موژدەبەخش و دەنگی دلێری ڕزگاری، ئازادی و یەکسانیخوازی دەبێ تا لە گۆڕنانی داگیرکەران و ڕژیمە خوێنمژەکان .

## ڕەزا کەعبی:
# ئیرادەی کوردستان لە چەکی چەوسێنەران بەهێزترە

### دریژەی مانشێت

هەر هەنگاوێک کە لە شەقامەکان هەڵیدێنن، هەر دروشمێک کە لە شار و دێی کوردستاندا دەنگ دەداتەوە، دەنگدانەوەی ئەو سەرکەوتنانەیە کە پێشتر بەدەستتان هێناوە. ئێوە سەلماندتان کە هیچ دیکتاتۆرییەتێک ئەبەدی نییە و ئیرادەی کوردستان لە چەکی چەوسێنەران بەهێزترە. ئەو شەڕەی ئەمڕۆ دەیکەین تەنها بەرگری نییە بەڵکوو لەدایکبوونی سەردەمێکی نوێیە. ئێوە تەنها بۆ خۆتان تێناکۆشن، بەڵکو بۆ مافی بوون، بۆ ژیان لەژێر سێبەری یەکسانی و بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆتان دەجەنگن. لاوانی کوردستان ئێوە وزەی گۆڕانکاری و مژدەی داهاتوویەکی ڕوونن، ژنان و یەکسانیخوازانی بوێر، ئێوە بڕبڕەی پشتی ئەم شۆڕشەن، کە ئازایەتیتان لە هەموو جیهان دەنگیداوەتەوە. ئازادیخوازان، ئێوە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە هیوا هەرگیز نامرێت. خۆڕاگر بن، یەکگرتوو بن. مێژوو لەلایەن ئەو کەسانەوە دەنووسرێتەوە کە ئامادە نین کۆڵ بدەن. کاتی ئەم ڕژێمە دڕندەیە بەرەو تەواوبوون دەچێت، بەڵام مافخوازی و هەوڵی ئێوە بۆ ژیانێکی شیاو هەمیشەییە. لە خۆڵەمێشی بەرگرییەوە ئاگری بەختەوەری و سەرکەوتنی داهاتوو سەر هەڵدەدات. خەباتکارانی کوردستان ئێوە لە شۆڕشی ژینادا نیشانتان دا کە کوردستان ناوەندی ڕزگاریخوازی و یەکسانیخوازی و دادپەروەری و ئازادیخوازییە. دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» کە لە کوردستانەوە سەری هەڵدا، ئێستا جیهانی هەژاندووە. ئەمە تەنیا دروشم نییە، بەڵکو مانیفستێکە بۆ تێکۆشان، بۆ خەبات بۆ گەیشتن بە هەموو ئەو مافانەی کوردستان بە درێژایی مێژوو بۆیان تێکۆشاوە.

لەم ساتە مێژووییەدا، بە شانازییەوە سەری ڕێز بۆ گیانی پاکی گیانبەختکردووانی ئەم ڕۆژانەی شۆڕش دادەنەوێنین. ئەو ئازیزانەی بە سینگی ڕووت لەبەر نێزەی ڕووتی ستەم سپەرداربوون، ئەوانەی ئێستا بوونەتە ئەستێرەی گەشی ئاسمانی خەباتمان. ئێمە بەڵێن دەدەین کە خوێنی ئەوان بەفیڕۆ نەچێت و تا هێنانەدیی ئاواتەکانیان، کە ڕزگاری و ئازادی و دادپەروەرییە، دەست لە تێکۆشان هەڵناگرین. یاد و ناوی ئەوان لە مێژوودا بە زیندوویی دەمێنێتەوە. لەم ڕێگا پڕ لە شانازییەدا، کۆمەڵە وەک هەمیشە پشتیوان و هاوخەباتی ئێوەیە. ئێمە لە سەنگەری کوردستان، لە سەنگەری دادپەروەری و یەکسانی و ئازادیدا هاوسەنگەرتانین. مێژووی ئێمە و ئێوە یەک مێژوویە، پڕ لە فیداکاری و خۆڕاگری لە پێناو ڕزگاری و مافە ئینسانییەکانمان. ئەمڕۆ لە هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ئێران، نارەزایییەکی بەرین و ئاخێزێکی گەورە سەری هەڵداوە. ئەم ڕاپەڕینە دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی ئەو دیکتاتۆرییەت و هەژارییە کەم وێنەیە کە ڕژێم بەسەر کۆمەڵگادا سەپاندوویەتی. ئاکامی ئەو کوشتاری بەکۆمەڵ و لەسێدارەدانی ڕۆژانەی زیندانیانی سیاسییە.

لە داهاتووی ئەم ڕاپەڕینەدا ئاڵتێرناتیڤە دەستکردەکانی وەک «کەرزای»، «چەلەبی» و «جۆلانی» لە ئەفغانستان و عێراق و سوورییە کە نارەزایییەکانیان زەوت کرد و لەدەستی خەڵک دەریان هێنا، هەرگیز ناتوانن بەسەر ئەو مەیلە بەهێزەی بۆ ڕزگاری و ئازادی لە ناو دڵی خەڵکدا هەیە زاڵ بن. داهاتووی ئەم بزووتنەوەیە دەبێ لە شەقام و لەسەر دەستی تێکۆشەرانی ڕزگاریخواز یەکلا بێتەوە. کۆمەڵە بە هەموو هێزیەوە پشتیوانی لە خەباتی سەربەخۆی خەڵکی ڕاپەریو و مافخواز دژی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و دژی ئەم سەرکوت و بێمافییە دەکا. مافی ڕەوای ئێوەیە کە خاوەنی داهاتوویەکی ئینسانی بن. بڕوامان وایە کوردستان دەتوانێت لە داهاتوودای ئاڵوگۆڕەکاندا ڕۆڵی مێژوویی خۆی بگێڕێت، بە مەرجێک هاوپەیمانییەکی بەهێزی کوردستانی هەبێت و بە ڕەسمی ڕابگەیەنرێت. لە ئاکامی ئەو هاوپەیمانییەدا پشتیوانیی نەتەوەکانی دیکە، ژنان، کرێکاران و ئازادیخوازان بۆ مافی کورد بەرینتر و ئاشکراتر دەبێ و کورد دەبێتە بەهێزترین ئاڵتێرناتیڤی سیاسی لە جوگرافیای ئێراندا. ئەم یەکگرتووییە بۆ پاراستنی مافە نەتەوەییەکانمان یارمەتیدەر و گرینگە. کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان: کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان هاوشان لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوای لە ئێوە کردووە بۆ پەکخستنی ماشینی سەرکوتی ڕژێم و بۆ نیشاندانی هێزی یەکگرتووتان مان بگرن. بە مانگرتنتان لە ڕۆژی پێنجشەممە ١٨ی بەفرانباردا، دیسانەوە بێدەسەڵاتیی ڕژێم بەرانبەر بە یەکگرتووی خۆتان بسەلمێنن. مانگرتنتان نەک بە مانای بێدەنگی و بەشداری نەکردن لە ڕاپەڕیندا بەڵکوو وەکوو ئامرازێکی بەهێز و دەنگێکی بەرز بەرانبەر بە سەرکوتکاران بەکاربێنن. هاوپشتیتان تێکۆشەرانی سەر شەقام دڵگەرم و بەهێزتر دەکات و چۆک بە ڕژێم دادەدات. بژی شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان بژی ئازادی،بەرابەری ،دادپەروەری.

**بژی ژن،ژیان،ئازادی**

## دریژەی لاپەڕەی ١

## تەوژمی سڕینەوە و مانیفێستی مانەوە:
# خوێندنەوەیەک بۆ شەڕی هێماکان لە کوردستان

داگیرکەران باش دەزانن کە بۆ شکاندنی گەلێک، دەبێت سەرەتا سیمبولەکانی بەرگری و شکۆمەندیی ئەو گەلە بڕوخێنن. ئەو پەیکەرە ڕۆحی ئەو کچ و کوڕانە بوو کە لە ناو ئاگری شەڕدا بوونە قەڵغان؛ دڵی ئەو دایکانە بوو کە جگە لە خاک، هیچ شکۆیەکی تریان شک نەدەبرد بۆ ئەوەی ڕۆڵەکانیانی بۆ فیدا بکەن. کاتێک داگیرکەر پەیکەرێک دەڕوخێنێت، مەبەستی شکاندنی بەردەکە نییە، بەڵکوو دەیەوێت ئەو ئیرادە پۆڵاینە بشکێنێت کە دەڵێت: «کورد ناچەمێتەوە».

ئەو هێرشانەی کە لە لایەن پاشماوەکانی ڕژێمی پێشوو (لایەنگرانی پاشایەتی) و گروپە شۆڤێنییەکان بەرامبەر بە دەنگی ئازادیخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵات و پارچەکانی دیکە دەکرێت، نیشانەی ڕەگداکوتاوی «ئەقڵییەتی سڕینەوە»یە و پێمان دەڵێت کە مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە. ئەوانەی کورد وەک مەترسی بۆ سەر «یەکپارچەیی» دەبینن، هەر هەمان ئەو عەقڵییەتەن کە ساڵانێکە ئازادیی ئێمە بە «خەیانەت» و دەنگی ڕەوامان بە «ئاژاوە» ناو دەبەن. ئەمە ڕاستییەکی تاڵە: هەندێک لایەن هەرگیز کوردیان وەک هاوبەشێکی یەکسان قبوڵ نەبووە، بەڵکو تەنها وەک ئامرازێک بۆ کاتی تەنگانە سەیری دەکەن.

ئەم ڕووداوانە زەنگێکی مەترسیدارن بۆ ئەو کوردانەی هێشتا لە ژێر وەهمی «پەیمانی برایەتی گەلان» لەگەڵ نەیارانی ناسنامەکەماندا دەژین. مێژوو فێری کردووین کە «چیاکان تەنها دۆستی کوردن» کاتێک کە بەرژەوەندییە سیاسییەکان دەبنە پێوەر. ئێمە ناتوانین داوای ماف لە دەستێک بکەین کە تەنها بۆ ڕووخانی سیمبولەکانمان بەرز دەبێتەوە. کاتی ئەوە هاتووە تێبگەین کە کەرامەتی نەتەوەیی تەنها بە یەکگرتوویی و پشتبەستن بە ئیرادەی ناوخۆیی دەپارێزرێت.

ڕاستە پەیکەرەکە ڕووخا، بەڵام ئەو خەونەی لە پشتییەوە بوو، نەڕووخاوە. ئەو ئاگرەی لە دڵی ژنانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، لە کۆبانێوە بۆ کرماشان و ئیلام هەڵگیرساوە، بە ڕووخانی پەیکەرە نامرێت. «ژن، ژیان، ئازادی» تەنها دروشمێک نییە لەسەر دیوارەکان، بەڵکو بووەتە ناسنامەی نەوەیەک کە چیتر بێدەنگی قبوڵ ناکات. ئەمڕۆ ئەگەرچی دڵمان بریندارە، بەڵام باوەڕمان بە داهاتوویەک هەیە کە تێیدا پەیکەری ئازادی لە هەموو شارەکانی کوردستاندا بەرزتر دەکرێتەوە.

## کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان:
# ڕێز لە ئیرادەی بەرگریی ڕۆژئاوا دەگرین و پاڵپشتیانین

لە کاتێکدا کە ڕۆژئاوا سیمبۆلی بەرگری لە کەرامەتی مرۆڤایەتییە بەرانبەر داعش و لەم پێناوەدا هەزاران تێکۆشەر و شەڕڤان گیانیان بەختکرد و سەدان هەزاریش بریندار بوون، لە دۆخی ئێستا کەوتووەتە بەر پەلامار و هێرشی دڕندانەی داعشەکانی سەر بە جۆلانی و داگیرکەرانی کوردستان. ئەوەی لە ماوەی ڕابردوودا لە گەڕەکە کوردنشینەکانی حەڵەب ڕوویدا و داعشی کۆن بە بەرگی نوێوە جینایەتیان دژی خەڵکی بێتاوان ئەنجامدا، دەسپێک و بیانووێک بوو بۆ پەلاماری هەموو ئەزموونی ڕۆژئاوا.

لە کاتێکدا بەڕێوەبەرانی ڕۆژئاوا و هەسەدە ئامادەی دیالۆگ و ڕێککەوتن بوون، ڕەوتی جۆلانی ڕێککەوتنەکانی پێشووی پێشێل کرد و بە پاڵپشتی و هاوئاهەنگی لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان و پشتکردنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە تایبەت ئامریکا و ئۆرووپا هێرشیان کردووەتە سەر ڕۆژئاوا و ئەیانهەوێ ئیرادەی پۆڵاینی کورد تێک بشکێنن و ئەزموونە دەوڵەمەندەکەی لە بار بەرن.

بەڵام سەرۆکایەتی ڕۆژئاوا لە هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانەدا، بڕیاری مان و نەمانی داوەو ملکەچی سیاسەتی پاوانخوازنەی ڕژیمی سوریە نەبووە، کە ئەمە بڕیارێکی بەجێیەو هەڵوێستێکی بەنرخ و مێژووییە.

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان وێڕای بەرز نرخاندنی بڕیاری خۆڕاگریی ڕۆژئاوا، پاڵپشتی خۆمان بۆ ئەم هەنگاوە نیشتمانییە ڕادەگەیەنین و پێمان وایە ناردنی پێشمەرگە بۆ پاڵپشتی خۆراگری و بەرگریی ڕۆژئاوا هەنگاوێکی گرنگ و پێویستە. هەروەها ئێمە ئامادەی هەر جۆرە هاوکاری و بە هاناچوونی ئەم بەشەی نیشتمانین و هیواداریین هەموو حیزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان لە هەموو بەشەکان و گشت کوردستانیان لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات، یەکگرتووانە پاڵپشتی لە خۆڕاگری و وەستانەوەی ڕۆژئاوا بکەن و پێکەوە هەرچییەک لە تواناماندا هەیە بیخەینە گەڕ.

هەروەها داوا لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و بەتایبەت ئامریکا و وڵاتانی ئۆروپایی ئەکەین کە لە سەر بەڵێن و پاڵپشتییەکانی خۆیان بمێننەوە.

بێگومان ئەوەی لە دوێنێشەوە شاهێدی بووین ئیرادە و وشیارییەکی باڵای نەتەوەیی بێوێنەیە و دڵنیاین ڕۆژئاوا سەردەکەوێت.

# لە نوفال لێشاتۆوە بۆ پڕۆژەی ئێرانی نوێ
## بەرهەمهێنانەوەی مۆدێلی خوێناوی خومەینی، چڕبوونەوەی دەسەڵات لە دەستی پەهلەویدا




**شەهاب شاڵپۆش**

ئەگەر ئەو پڕۆژەیەی کە ئەمڕۆ بە ناوی "شکوفایی ئێران" پێشکەش دەکرێت، و بەتایبەتی ئەوەی پێی دەوترێت "ماوەی١٠٠-١٨٠ ڕۆژەی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات" لە دووتوێی زمانی نەرم و زاراوەی دیپلۆماتیک و گێڕانەوەی میدیایی دەربهێنین، ئەوەی دەمێنێتەوە نەخشەیەک نییە بۆ دیموکراسی بەڵکو مۆدێلێکی جێی نیگەرانییە بۆ بەرهەمهێنانەوەی تۆتالیتاریزم. ئەم پڕۆژەیە لەجیاتیی ئەوەی پچڕانێک لەگەڵ ڕابردوودا دیاری بکات، درێژەپێدەری هەمان لۆژیکی مێژووییە کە چەندین جار چ لە سەردەمی پاشایەتی و چ لە کۆماری ئیسلامیدا، چڕبوونەوەی دەسەڵات و نەهێشتنی فرەیی و سەرکوتکردنی سیستماتیکی لێکەوتووەتەوە.

ڕۆڵی سەرەکی ڕەزا پەهلەوی لەم پڕۆژەیەدا هۆکاری ئەم نیگەرانییەدایە. لە ناوەڕۆکی پڕۆژەی سەردەمی گواستنەوەی دەسەڵاتدا، دەسەڵاتی بەرفراوان و بێ وێنەیەوە دەدرێتە ئەم کەسە؛ هەر لە دامەزراندنی شوێنێک بەناوی بنکەی سەرهەڵدان (نهاد خیزش) تا ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی لە بواری ئەمنی و چوارچێوەی ڕیفراندۆم و ئاراستەی ڕەوتی سیاسیی وڵات. ئەم چڕبوونەوەی دەسەڵاتە نە کاتییە، نە ناوەندێک بۆ لێپرسینەوە بە ڕەسمیی دەناسێت و نە لە ژێر کۆنترۆڵی دامەزراوەییەدایە. ئەزموونی مێژوویی دەریخستووە کە چڕبوونەوەیەکی لەو شێوەیە، تەنانەت ئەگەر بە بەڵێنی گەورەشەوە دەست پێبکات، بە خێرایی دەبێتە میکانیزمێکی هەمیشەیی وەدەرنان و بێدەسەڵاتکردن لایەنەکانی دیکە.

بۆ ژنان، نەتەوە داگیرکراوەکان و نارازییانی سیاسی، ئەم پڕۆژەیە هیچ پلانێکی نییە. ڕەزا پەهلەوی چ لە ڕابردوو و چ لە ئێستادا بە ڕاشکاوی دژایەتیی مافە بنەڕەتییەکانی وەک پەروەردە بە زمانی دایکی، خۆبەڕێوەبەری، مافی چارەی خۆنووسین، لامەرکەزیی سیاسی و بەشداری ڕاستەقینەی بزووتنەوە غەیرە فارس و چەپ و بیرجیاوازانی کردووە. لە ڕوانگەی ئەو و هاوبیرانییەوە نیشتمان بە لۆژیکی "یەک نەتەوە، یەک زمان، یەک ئاڵا" پێناسە دەکرێت؛ لۆژیکێک کە هەمەجۆریی نەتەوەیی، زمانەوانی و کولتووری و ڕەگەزی و سیاسی نەک وەک مافێک بەڵکو وەک هەڕەشەیەک دەبینێت. ڕوانگەیەکی لەو شێوەیە نەک هەر لەگەڵ مافە مۆدێرنەکانی مرۆڤدا ناگونجێت، بەڵکو وردە وردە ئەو بناغەیە کە چەوساندنەوەی مێژوویی بەرهەمهێناوەتەوە.

بۆ کورد و بەلووچ و عەرەب و تورکمان و نەتەوەکانی تر ئەم هەڵوێستانە تازە نین. بنەماڵەی پەهلەوی بەشێک بوون لە مێژووی چڕبوونەوەی دەسەڵات و ئینکاری ناسنامە و سەرکوتکردنی داواکارییە نەتەوەییەکان. ئەم ڕابردووە نەتەنیا ڕەخنەی لێ نەگیراوە بەڵکوو هەر حسابی بۆ نەکراوە و تەنانەت دانیشی پێدانەنراوە. جگە لەوەش، گەندەڵی پێکهاتەیی و کەڵەکەبوونی دەیان ملیار دۆلار سامانی سەردەمی دەسەڵاتی پاشایەتی کە ئەمڕۆ بووەتە ژیانێکی لوکس بۆ بنەماڵەی پەهڵەوی، هەرگیز بە ڕاستی حسابی بۆ نەکراوە. بەبێ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستگۆیانە لەگەڵ ئەم مێژووەدا، هیچ ئیدیعایەک سەبارەت بە داهاتوویەکی دیموکراتیک جێی متمانە نییە.

پێکهاتەی دەوروبەری ڕەزا پەهلەوی ئەم نیگەرانییە دوو هێندە دەکات. شانبەشانی ئەو، سپێکترۆمێک لە هێزی پاشایەتی ڕاستڕەوی توندڕەو و بە ئاشکرا فاشیست هەیە کە زمانیان کپ کردن و لە ناو بردنی نەیارانیانە بە توندوتیژییێکی بێ وێنە لە هەمان کاتدا کۆمەڵێک لە ڕیفۆرمیستەکانی پێشوو، هێزە ئەمنییەکان و ئەفسەرانی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی دەبینرێن کە بەبێ یەک وشەی قبوڵکردنی بەرپرسیارێتییان لە سەرکوت و تاوانکاریدا، لەناکاو هەڵوێستەکانیان گۆڕیوە و لە تەنیشت پڕۆژە نوێیەکەدا وەستاون. نە بەرپرسیارەتیان گرتووەتە ئەستۆ بۆ ڕابردوویان، نە پەشیمانییان دەربڕیوەو نەش ڕاستییان وتووە؛ تەنها شوێنی دەسەڵاتیان گۆڕیوە. هاوپەیمانییەکی لەم شێوەیە نیشانەی ئاڵوگۆڕی دیموکراتیک نییە، بەڵکو نیشانەی بەردەوامبوونی هەمان دەسەڵاتی ئۆلیگارشییە..

ئەو دەزگایەی کە لەم پڕۆژەیەدا بەناوی "نهاد خیزش" ناسراوە، نموونەیەکی ڕوونی بەردەوام بونی دەسەڵاتی ڕەهایە کە دەسەڵاتێکی نایاسایی ناهەڵبژێردراو و فلتەرکەرە کە زاڵ دەبێت بەسەر پرۆسەی سیاسیدا. ئەوەش لەڕووی ڕۆڵ و ئەرکی خۆیەوە لە بنەڕەتدا جیاوازی نییە لەگەڵ شورای نگهبان. کەواتە ئەم دامەزراوەیە کار بۆ خەڵک ناکات، بەڵکو وەفاداری پەهڵەوی و دەسەڵاتە ڕەهاکەیەتی. ئەمەش ڕێک هەمان ئەو مۆدێلەیە کە کۆماری ئیسلامیی کاری پێ دەکات، تەنها ئەوە نەبێت کە ئەمجارە بە زمانێکی مۆدێرنتر پێشکەش دەکرێت.

تەنانەت چەمکی ڕیفراندۆم لەم پڕۆژەیەدا، ئەزموونێکی تاڵ وەبیردێنێتەوە. هەروەک چۆن لە ساڵی ١٩٧٩دا خەڵک تەنها مافی ئەوەی هەبوو لە نێوان «کۆماری ئیسلامی، بەڵێ یان نەخێر»دا یەککیان هەڵبژێرێت، لێرەشدا بژاردەکان بە کردەوە لە دوو هەڵبژاردنی پێشوەختە دیاریکراودا تێناپەڕن: پاشایەتی یان کۆماری. هیچ بوارێک بۆ بژاردەی دیکە نییە، وەک پێکهاتەی لامەرکەزی، فیدراڵی، پارلمانی، یان فۆڕمی جۆراوجۆری دیموکراسی بەشداریکردنن. هەرچەندە تەنانەت هیچکام لەو بژاردانە مافی نەتەوەی کورد دابین ناکەن. ئەم جۆرە لە ڕیفراندۆم ئامرازی ئیرادەی ئازادیی گەل نییە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ شەرعیەتدان بە بڕیارێک کە پێشتر دراوە.

چڕبوونەوەی تەواوەتی دامودەزگا ئەمنییەکان بە دەستی ڕەزا پەهلەوی، بەبێ چاودێری سەربەخۆ، نیشانەیەکی دیکەی ڕوونی مەترسییە. ئاسایش بەبێ لێپرسینەوە لە هەموو ئەزموونێکی مێژووییدا بووەتە هۆی سەرکوتکردن. ئەم نەخشەیە زیاتر لە هەموو شتێک دۆخی خومەینی لە نۆفێل-شاتۆدا بیردەخاتەوە: بەڵێنە گەورەکان، زمانی ئاشتەوایی و لە کۆتاییدا، پووکانەوەی هەموو ئەو بەڵێنانە و کۆمەڵکوژی و شەڕ.

نابێ ڕۆڵی میدیا لە دروستکردنی ئەم وەهمەدا بە کەم لەبەرچاو بگیردرێت. گەورە کردن و گرنگیدانی چڕوپڕ بە ڕەزا پەهلەوی وەک تاکە ئاڵترناتیو بە شێوەی پلاندار و سڕینیەوەی هەموو دەنگەکانی دیکە و بە کارهێنانی بڵاوی هەواڵی ساختە، واقیعی فرەیی پێکهاتەیی لەناو دەبات. پەهڵەویی پاڵپشتی بەشێک لە کۆمەڵگەی فارسی زمانی هەیە کە زۆرجار تووڕەیی لە کۆماری ئیسلامی لەگەڵ نۆستالژیا تێکەڵ کردووە، بەڵام پەهڵەوی جێگەو پێگەی نیە لەناو نەتەوە داگیرکراوەکان و بەشێکی گەورەی ژنان و هێزە ڕەخنەگرەکاندا. ڕەزا پەهلەوی بۆ زۆرێک لەو گرووپانە نە بژاردەیە و نە نوێنەرە؛ بەڵکو بیرهێنەرەوەی خولێکە کە تەنیا شکستی بەرهەمهێناوە.

ئازادی ڕاستەقینە بەبێ یەکسانی و دانپێدانانی مافی چارەی خۆنووسین و بەشداریکردنی نارازییە سیاسییەکان مومکین نییە. پرۆژەی پەهڵەوی کە هەر لە سەرەتاوە نەتەوەکان و ژنان و بزووتنەوە ڕەخنەگرەکان وەلادەنێت، نەتەنیا نادیموکراتیکە بەڵکو بەرهەمهێنەرەوەی دووبارەی دەسەڵاتی ڕەهای باوکی دەرکراوی و حۆمەینیە. پرسیارەکە ئەوە نییە کە چ کەسایەتییێک زیاتر دیارە، بەڵکو پرسیارەکە ئەوەیە کە چ مۆدێلێکی دەسەڵات بنیات دەنرێتەوە. ئەگەر ئەم مۆدێلە لەسەر بنچینەی ناوەندگەرایی و نەهێشتن و هەڵپەساردنی مافەکان بێت، هەر ئەنجامێک بێت، ئەوا ئازادی نابێت.

> **ڕەزا پەهلەوی چ لە ڕابردوو و چ لە ئێستادا بە ڕاشکاوی دژایەتیی مافە بنەڕەتییەکانی وەك پەروەردە بە زمانی دایکی، خۆبەڕێوەبەری، مافی چارەی خۆنووسین، لامەرکەزیی سیاسی و بەشداری ڕاستەقینەی بزووتنەوە غەیرە فارس و چەپ و بیرجیاوازانی کردووە. لە ڕوانگەی ئەو و هاوبیرانییەوە نیشتمان بە لۆژیکی "یەك نەتەوە، یەك زمان، یەك ئاڵا" پێناسە دەکرێت؛ لۆژیکێك کە هەمەجۆریی نەتەوەیی، زمانەوانی و کولتووری و ڕەگەزی و سیاسی نەك وەك مافێك بەڵکو وەك هەڕەشەیەك دەبینێت.**

# وەهمی نوێنەرایەتی و واقیعی سڕینەوە لە سیاسەتی پەهلەویدا



**سۆران محەمەدی**

ڕەزا پەهلەوی و بازنەی دەوروبەری، لە زۆربەی دەرکەوتنە میدیاییەکانیاندا، بەردەوام جەخت لەسەر گوتارێک دەکەنەوە کە تێیدا ئەو وەک ڕێبەرێکی فەوقە نەتەوەیی و «نوێنەری گشتیی نەتەوەی ئێران» دەردەخەن. ئەوان وێنای ئەوە دەکەن کە پاشاخوازی دەتوانێ ببێتە «ناوبژیوانێکی بێلایەن» بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ململانێکانی نێوان توێژە جیاوازەکان. بەڵام پرسیارە بنەڕەتییەکە لێرەوە دەست پێدەکات: ئایا ئێمە وەک ئەو نەتەوانەی کە مێژوویەکی تاڵمان لەگەڵ درۆ و فێڵە سیاسییەکانی ئەم بنەماڵەیە هەیە، دەبێت بە ئاسانی و بێ لێکۆڵینەوە ئەم بانگەشانە قبوڵ بکەین؟ ئایا ئەم وێناکردنە جوانکیلەیە تا چەند لەگەڵ واقیعی سیاسیی سەر شەقام و ناو کایە گشتییەکاندا دەگونجێت؟

ئەگەر بەڕاستی ڕەزا پەهلەوی ڕێبەرێکی ئۆرگانیکی و گشتگیر بێت کە بتوانێت نوێنەرایەتی هەموو پێکهاتە و چینە جیاوازەکانی ئێران بکات، ئەی هۆکاری ئەم هەموو دەرکەوتەی توندوتیژییە چییە؟ پێداگریی دەوروبەرە نزیکەکانی بۆ سڕینەوە و بێدەنگکردنی هەر دەنگێک کە ئامادە نییە دروشمی «جاوید شا» بڵێتەوە، گومانێکی گەورە لەسەر ئەو «بێلایەنییە» دروست دەکات. بۆچی گروپە لایەنگرەکانی لە کۆبوونەوە و خۆپیشاندانەکانی دەرەوەی وڵاتدا، لە جیاتی دروستکردنی بەرەیەکی یەکگرتوو و پاڵپشتیکردنی هاوڕێبازەکانیان، تەنها خەریکی تێکشکاندنی ئەوانی تر و کپکردنی دەنگی باقی نەتەوەکانن؟ ئەم ڕەفتارانە نیشانەی ئەوەن کە لە پشتی پەردەی بێلایەنییەوە، سیستمێکی پاوانخواز خۆی حەشارداوە.

من پێموایە ئەم ڕەفتارە سڕینەوانە بە ڕێکەوت نین و تەنها هەڵچوونێکی کاتیی لایەنگران نین، بەڵکو هەوڵێکی ڕێکخراو و هەماهەنگن بۆ ئەوەی بازنەی پێناسەی «نەتەوەی ئێران» تەنها بۆ ئەو کەسانە کورت بکرێتەوە کە «ناوی شازادە هاوار دەکەن». ئەوان دەیانەوێ لەم ڕێگەیەوە شەرعییەت لە هەموو کەس و لایەنێکی تر بستێننەوە. دەیانەوێ ملیۆنان مرۆڤ لە نەتەوە جیاوازەکانی دیکەی ناو ئەم جوگرافیایە کە ئامادە نین لەبەردەم پاشاخوازیدا سەر دابنەوێنن لە نێو پێناسەیەکی دەستکردی «نەتەوی ئێران»دا بتوێننەوە و ناسنامەیان بسڕنەوە.

ئایا ئەمە لوتکەی چەواشەکاری و ستەمکاری نییە کە ڕەوتێکی سیاسی، چەمکێکی پیرۆزی وەک «نەتەوە» تەنها بۆ بەرژەوەندیی لایەنگرانی خۆی قۆرخ بکات؟ ئەوان بە ئەنقەست دەنگە نەیارەکان بە ئامانج دەگرن تا پانتاییەکی خاڵی بۆ خۆیان دروست بکەن و دواتر هەمان ئەو «نەتەوە دەستکرد و پاڵێوراوە» وەک نوێنەری هەموو خەڵکی ئێران بە جیهان بفرۆشنەوە. ئەمە ناوی نوێنەرایەتی نییە؛ ئەمە زەوتکردنی مانای نەتەوە و دزینی ئیرادەی گشتییە.



کاتێک وەڵامی هەر دژایەتییەک یان پرسیارێکی عەقڵانی، تەنها بە «پێوەلکاندنی ناو و ناتۆرە» و تۆمەتی خیانەت دەدرێتەوە؛ کاتێک ڕەخنەگر بە جنێوی بازاڕی، هەڕەشەی مەرگ و سووکایەتی پێکردن ناچار بە پاشەکشە دەکرێت، ئەمە ئیتر نیشانەی جیاوازیی بیروڕا نییە. ئەمە کردەیەکی مەترسیدارە کە ناوی «ئەندازیاریی بێدەنگییە». بێدەنگییەک کە بە یارمەتی دەزگای پڕوپاگەندەی گەورە و سۆشیاڵ میدیایەکی ئاڕاستەکراو، وەک «کۆدەنگی نیشتمانی» و «یەکگرتوویی» دەخرێتە بەردەم جەماوەر بۆ ئەوەی ڕاستییەکان بشێوێنن.

ئەگەر کەسێک بەڕاستی بڕوای بە دیموکراسی و نوێنەرایەتیکردنی هەموو چینەکان هەبێت، لە «فرەهی» و فرەدەنگی ناترسێت و هەوڵی سڕینەوەی ڕەخنەگر نادات؛ بەڵکو دانی پێدا دەنێت و وەک بەشێکی دانەبڕاو لە کۆمەڵگە مامەڵەی لەگەڵ دەکات. بەڵام ئەگەر مەرجی «یەکڕیزی» ئەوە بێت کە بەشێکی گەورەی کۆمەڵگە وەک پێکهاتەی نەبینراو لێ بکرێت و دەمی خەڵک بە زۆر دابخرێ، ئەوا ئەو یەکڕیزییە تەنها ناوێکی نهێنییە بۆ «فاشیزم». ئێمەی کورد مێژوویەکی دوورودرێژمان لەگەڵ ئەم جۆرە یەکڕیزییە زۆرەملێیانە هەیە و چاک دەزانین کە ئەم ڕێگایە چەندە خوێناوی و پڕ لە کارەساتە و دواجار بە کوێ کۆتایی دێت.

# چۆناوچۆن ناسیۆنالیزمی باستانگەرای ئێرانی پێی حەشدی شەعبیی هێنایە سەر شەقامەکانی تاران



**کەیوان دورودی**

کاتێک کۆماری ئیسلامی گواستنەوەی هێزی خۆی بۆ ناو قووڵایی سووریە ئاشکرا کرد، پانئێرانیستەکان لە ڕووی هەڵوێستەوە لە دوو دەستە زیاتر نەبوون: دەستەی یەکەم، ئەوانە بوون کە قاسم سولەیمانییان بە «ژنەراڵی ئێرانی» ناو دەبرد و بە گشت توانایانەوە لە جموجۆڵی بشێوەکارانەی تاران لە دەرەوەی سنوورەکانی پاڵپشتییان دەکرد. دەستەی دووەم، ئەوانە بوون کە دەیانزانی گرێدراویی یان باشترە بێژم هەڵواسراویی ئایدیۆلۆژیک، ڕێگای پیاهەڵوتن لە سوپای پاسدارانی لێ گرتوون؛ بەڵام بەوەیشەوە بوونی سوپای قودسیان لە وڵاتانی تر پێ باش بوو یان لانیکەم خۆیان لەوە بەدوور دەگرت کە بە ناڕەوا لە قەڵەمی بدەن.

سپای قودس ئەم هەڵوێست و بۆچوونگەلەی پانئێرانیزمی کرد بە ئامرازێکی ئایدیۆلۆژیک بۆ پاساوی دەستتێوەردان لە وڵاتانی تر و تێچووی زۆر و قورسەکانی، و بانگەشەی «هێنانەدیی قووڵایی ستراتیژیکی ناوچەیی بۆ ئێران» و «ژیاندنەوەی سنووری مێژوویی—فەرهەنگی ئێرانی کەونارا (باستان)». کەچی، دواتر بە ئەسپایی تێچووی زۆری ئەم دەستتێوەردانە و لێکەوتەکانی جێبەجێکردنی، شەپۆلێکی ناڕەزایی لە نێو ئاپۆڕەی تووڕە دروست کرد؛ بەڵام ئەو کاتە ئیتر زۆر درەنگ بوو. کاتێ هەمان ئەو هێزانەی کە پێویست بوو ڕۆڵی یەکە بیانییەکانی «لەشکری هەخامنشی» بگێڕن –بۆ نموونە حەشدی شەعبی–، وەک هێزێکی گوێڕایەڵی تاکەکەسیی خامنەیی (کووروٚشی سەردەم!) دەرکەوتن و دواتریش بە بێ ئەوەی تەنانەت یەک خولەک بەرگری بکەن لە سوریا هەڵاتن؛ ئەوە سەلمێنرا کە کێشەکە لە بنەڕەتدا نەک ستراتیژی، بەڵکوو «خواستی سەرۆک»ـە! بۆیە هەموو هەوڵەکانی پانئیرانیرم بوو بە سەرمایەیەکی گیرفانی خامنەیی.

ئەو ناسیۆنالیستانەی کە دەستگەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە دەریای مەدیتەرانەیان نەک وەک دەستتێوەردانێکی ناڕەوا یان تەنانەت هەڵەیەکی ستراتیژی سەیر نەئەکرد، بەڵکوو وەک «مافی بێ ئەملاولا» ئەنواند، و هەروەها دژایەتیکردنی ئەم جموجۆڵەیان بە «کردەی دژەئێرانی» ناو دەبرد؛ لەناکاو بە بیریان هاتەوە کە خامنەیی «ئانێرانی (لە تێرمینۆلۆژیی ئێرانگەرایی مانای کەسی دژی ئێرانیبوون ئەدات)»ـە! ئەوان تەنانەت ئەم بڕیارەشیان دوای ئەوە دا کە دڵنیابوون سیستەمەکە بە خامەنەییەوە تازە بەرەو لێژی دەچێت و ئەگەر جێگرەوەی بۆ نەدۆزنەوە تۆزقاڵێک لە ئێرانی ئازیزیان بۆ نامێنێتەوە. ئێستا کە هەمان سەربازانی «ژیاندنەوەی ئیمپراتۆریی ئاریایی» لە جێگای کەناراوەکانی دەریای ناوەڕاست، لە شەقامی وەلیعەسری تاران دەگەڕێن و بەرامبەر خەڵکی وەزاڵەهاتوو دەوەستنەوە؛ پاوشاخواز و فاشیستەکان سندووقی جادویی ئایدیۆلۆژیایان کردوەتەوە و بەدوای پاساوهێنانەوەی هاودەستییان لەگەڵ ڕژێم دەگەڕێن و ئەم گرووپ و تاقمە سەرەڕۆ و تێرۆریستیانە بە سەرکوتکار ناو ئەبەن.

ڕەزا پەهلەوی کە تا دوێنێ لە لاپەڕەی خۆی دەینووسی:




«سوپای پاسداران کە هەشت ساڵ بەرگریی کردووە، دەست لە هاونیشتمانیی خۆی ناوەشێنێ!» و بەرگریی بەلووچستان دژی پاسدارەکانی بە «تێرۆریزم» ناو دەبرد؛ ئێستا دەستەوداوێنی ترامپ و نەتانیاهوو بووە تا «لەشکری هەخامنشی»ی دوێنێ و سەرکوتکەرانی ئەمڕۆ! و شوێنکەوتە ناوچەییەکانیان سزا بدەن. بەڵام دەبێ بزانێ درەنگە، و ئەگەری ئەوە کەم نییە، چەندین هەزار کەسی تر ببنە قوربانیی ململانێی نادێموکراتیک و تۆتالیتاریستیی شا و شێخ. کارەساتێ کە ئاڵاهەڵگرانی ژیاندنەوەی ئێرانی باستان و چەقۆکێشانی بەر دەرکەی خامنەیی لێی بەرپرسیارن.

# دادخوازی وەک بناغەی بنەڕەتیی مافەکانی مرۆڤ





فایەق ڕەسووڵی

بە گشتی، مافی مرۆڤ کۆمەڵێک ماف و ئازادییە کە بۆ هەر مرۆڤێکە، بە بێ هەڵاواردنی ڕەگەزی، زمان، ئایین، چینی کۆمەڵایەتی و هتد. یەکێک لە گرنگترین بابەتەکان لە پەیوەندی دەگەڵ جێبەجێکردنی مافەکانی مرۆڤدا، پەیوەندی بە «مافی دادگاییکردنی دادپەروەرانە»وە هەیە. مافی دادگاییکردنی دادپەروەرانە بە واتای بەدواداچوون و دادگاییکردنی دادپەروەرانە و بێ جیاکارییە و بە یەکێک لە پایە گرینگەکانی مافی مرۆڤ و چەسپاندنی دادپەروەری دادەنرێت. ئەم بابەتە بۆیە گرینگە، چون ڕێگری لە بە تاوانبار زانینی کەسانی بێتاوان دەکات و متمانەی خەڵک بە دادپەروەری بەهێز و تا ڕادەیەک گەرەنتی دەکات. هەروەها، لێکۆڵینەوەیەکی دادپەروەرانە و مافی بە دوادا چوون دەبێتە هۆی دۆزینەوەی ڕاستییەکان و دواجار جێبەجێکردنی دادپەروەری. «دۆزینەوەی ڕاستییەکان و جێبەجێکردنی دادپەروەری» پایەی سەرەکی «دادخوازیە». هەموو هەوڵەکانی تاک یان دامەزراوەیەک کە بەدوای دادخوازی دا دەگەڕێت، لە سەرنج و بەرژەوەندی دۆزینەوەی ڕاستییەکان و ئاشکراکردنی وردەکاری و بەشە شاراوەکانی تاوانێک و دواجار جێبەجێکردنی دادپەروەری دەستپێدەکات. دادخوازی پرۆسەیەکە بۆ داوای دۆزینەوەی ڕاستی و قەرەبوو کردنەوە و مافی لێپرسینەوە و دڵنیا بوون لەوەی تاوانەکە دووبارە نەبێتەوە. لە ڕاستیدا دادخوازی دەتوانرێت بە کەرەستەی بەربەرەکانی ڕا کردن لە سزا ناو ببرێت. لە پرۆسەی دادخوازی دایە کە مافی تاکەکان کە بە مافی مرۆڤ لێکدەدرێتەوە، پێشێل ناکرێت و لە مێژوودا نانێژرێت، دادپەروەری جێبەجێ دەکرێت و کاریگەریی خۆی لەسەر ژیانی کۆمەڵگا دەبێت و «ڕێگری لە دووبارەبوونەوەی پێشێلکردنی مافەکان دەکات». لە غیابی دادخوازیدایە کە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بە شێوەیەکی سیستماتیک بەردەوام دەبێت. دادخوازی و کاریگەر بوونی، پێویستی بە «مافی دادگاییکردنی دادپەروەرانە» هەیە، کە یەکێکە لە پایە سەرەکییەکانی پێناسە کردنی مافەکانی مرۆڤ. بۆیە دەتوانرێت بڵێین مافەکانی مرۆڤ بە بێ دادخوازی کاریگەریان نیە. لە لایەکی دیکەوە، دادخوازی بە بێ ئەوەی قسە لەسەر مافە سەرەتاییەکانی تاکەکان بکرێت، کە مافی مرۆڤن، پرۆسەیەکی بێمانا دەبێت. بزووتنەوەی دادخوازی لە کۆمەڵگای ئێرانی ئەمڕۆدا یەکێک لە هەمەلایەنەترین و کاریگەرترین بزووتنەوەکانی پڕۆسەی خەباتی خەڵک و بەدوادا چوونی دادپەروەرییە. دادخوازی بزووتنەوەیەکە کە بڕوای بە توند و تیژی و تۆڵە سەندنەوە نیە و سەر بە زۆرترین زیان لێکەوتووان و قوربانیانی نادادپەروەرییە. بۆیە ئەوەی لە شێوەی ئەم بزووتنەوەیە لە ئێراندا دەگوزەرێت، لە ڕاستیدا هەمان هەوڵ و خەباتە بۆ جێبەجێکردن و چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ لە ڕێگەی دەستڕاگەیشتن بە مافی دادگاییکردنی دادپەروەرانە و دۆزینەوەی ڕاستییەکان. بزووتنەوەیەک کە بە هۆی بەرحەق بوونیەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بە هێزتر و ڕێکخراوتر دەبێت. بەڵام بەهەمان ڕادە ئەم بزووتنەوەیە و هەڵسوڕاوەکانی لە لایەن حکومەتی ئێستای ئێرانەوە دەدرێنە بەر پەلامار و هەڕەشە. هەراسانکردن و تۆقاندن و ئەشکەنجەدان و زیندانیکردنی کەسوکاری قوربانیان و دادخوازان لەلایەن حکومەتەوە ئەوە دەردەخات کە ئەوان چۆن بیر لە دۆزینەوەی ڕاستییەکان و جێبەجێکردنی دادپەروەری دەکەنەوە. بەر هەر ئەندازەیەک مامەڵەی توندوتیژانە لەگەڵ ئەم بنەماڵانە، لە ڕاستیدا ئاستی ترسی حکومەت لە دۆزینەوەی لایەنە شاراوەکانی تاوانەکان کە لە ماوەی نزیکەی نیو سەدەدا ئەنجام دراون و ئامادە نیە ڕێگەیان پێبدات ئاشکرا بکرێن، دەردەخا، ئەویش ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤە لە ئێران لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا. بێگومان هەڕەشە و دەستبەسەر کردنی بنەماڵە و هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی دادخوازی نموونەیەکی ڕوونی پابەند نەبوونی حکوومەتە بە بنەماکانی مافی مرۆڤ و پێشێلکردنی ئاشکرا و گەورەی مافەکانی مرۆڤ لە هەموو ئاستێکدایە.

**یەکێك لە گرنگترین بابەتەکان لە پەیوەندی دەگەڵ جێبەجێکردنی مافەکانی مرۆڤدا، پەیوەندی بە «مافی دادگاییکردنی دادپەروەرانە»وە هەیە. مافی دادگاییکردنی دادپەروەرانە بە واتای بەدواداچوون و دادگاییکردنی دادپەروەرانە و بێ جیاکارییە و بە یەکێك لە پایە گرینگەکانی مافی مرۆڤ و چەسپاندنی دادپەروەری دادەنرێت. ئەم بابەتە بۆیە گرینگە، چون ڕێگری لە بە تاوانبار زانینی کەسانی بێتاوان دەکات و متمانەی خەڵك بە دادپەروەری بەهێز و تا ڕادەیەك گەرەنتی دەکات. هەروەها، لێکۆڵینەوەیەکی دادپەروەرانە و مافی بە دوادا چوون دەبێتە هۆی دۆزینەوەی ڕاستییەکان و دواجار جێبەجێکردنی دادپەروەری.**

# ڕێبەندان، هەوێنی شۆڕش و بەرخۆدان...!



**ئاڵای سوور. بۆکان**

پرسی کورد، یەکێک لە گرنگترین گرفتە چارەسەرنەکراوەکانی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. شەڕی یەکەمی جیهانی کە یەکێک لە گرنگترین دەسکەوتەکانی ڕووخان و لەناوچوونی دەوڵەتی عوسمانی لە ناوچەکەدا بوو، بەتەواوەتی ڕووخساری سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گۆڕی و نەخشەیەکی نوێ، جێگای نەخشەی کۆنی گرتەوە. دەوڵەتانی داگیرگەری ناوچەکە لە دوای خۆیاندا کۆمەڵێک کێشەیان خوڵقاند کە تا بە ئێستاش بە چارەسەر نەکراوی ماونەتەوە. ڕێگری کردن لە خەڵکی کورد بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان، یەکێک لەو کێشانەیە. لە لۆزان پەیمانێک واژۆ دەکرێ کە بە کردەوە خەڵکی کوردی بە چوار وڵاتدا دابەش کرد و بە شێنەیی کوردی هەم پەرەوازە کرد و هەم لە خواست و ویستی هەمیشەیی خۆی دووری خستەوە. بەمجۆرە و بە دابەش بوونی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کورد هەم نیشتمانەکەی بە سەر چوار وڵاتی تازە پێکهاتوودا دابەش دەکرێ و هەمیش لە ناسنامەی خۆی دوور دەکەوێتەوەو دەبێتە یەکەمین قوربانی لە نێو دانیشتوانی ئەم ناوچەیەدا. مەیلی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی و بزووتنەوەی سەربەخۆیی کوردستانی تا پێش پەیمانی لۆزان شتێکی تازەو نامۆ نەبوو. بەڵام دیمەنی سیاسی دوای شەڕ و ئەو دانوستانانەی بوونە هۆی واژۆکردنی پەیمانی لۆزان، ئەم ئاوات و ئەم خواستە بەرحەقەی خەڵکی کوردیان خستە لاوە. لە پلەی یەکەمدا بەهۆی نەبوونی یەکدەنگی و پەرتەوازەیی و نەبوونی ڕێبەری و سەرۆکایەتی هاوبەش لەهەموو بەشەکانی کوردستاندا و دژایەتی توندی بزووتنەوەی نیشتمانی تورکیە کە مستەفا کەماڵ ئەتاتورک سەرۆکایەتی دەکرد هەرگیز لە لایەن تورکیەوە پەسەند نەکرا و جێبەجێ نەکرا.

ئەم پەیمانە شوومە کۆماری نوێی تورکیەی وەک دەوڵەتی جێنشینی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ناساند و سنوورەکانی دامەزراند. لە ئەنجامدا دانیشتووانی کوردستان لە نێوان دەوڵەتە نەتەوەییە تازە دامەزراوەکانی (عێراق، تورکیە، ئێران و سوریا)دا دابەشکران وبە کردەوە هەموو کوردستان ڕووبەڕووی چەوساندنەوەی بێ ئەژمار، بێ مافی و پەراوێزخستن و هەڵاواردن لە دەسەڵات و سامان بوونەوە. شەڕی پاکتاو، قڕکردن و جینۆساید دەستی پێکرد. ئیتر جینۆساید، لەناوبردن و شەڕ بووە بە شێک لە ژیانی خەڵکی کورد. لێرەوە خەڵکی کوردیش دەستیاندایە بەرخۆدان و دژەکردەوەیان لە دژی ئەو سیستمە نیشاندا. دەوڵەتانیش سەدان هەزار لە پیاو و ژن و منداڵیان لە ڕێگەی پرۆسەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو کوشت وئازادیخوازانیان زیندانی کرد و دەستیان لە کۆمەڵکوژی نەپاراست. بێ تاوانترین مرۆڤەکان لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا، زیندەبەچاڵ کران. شار و گوندەکان بە چەکی کیمیاوی بۆردومان کرد و ژمارەیەکی زۆر لە ژنان و منداڵان بە کۆیلەکران و فرۆشران. هەنوکە کوشتار و جینۆسایدەکان بەردەوامن و لە هەر قۆناغێکیشدا شێوازێکی دڕندانەتری بەخۆیەوە گرتووە. بەدرێژایی ئەم هەموو ساڵە، گەلێک بزووتنەوە و ڕێکخراوی ناسیونالیستی بە ستراتیژی جۆراوجۆر و جیا لە یەکتر و فرە باڵ لە کوردستان سەریان هەڵداوەو بانگەشەیان بۆ ئۆتۆنۆمی و مافی کولتووری و لە هەندێک حاڵەتدا بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ کردووە.

دەوڵەتانی داگیرکەری ناوچەکە چەوساندنەوە و ژێردەستەیی و ستەمی نەتەوایەتیان، کردۆتە گرنگترین ئامرازی دەستی خۆیان بۆ زاڵ کردنی هەژمونی سیاسی و ئابووری بەسەر ژیانی خەڵکەوە. بزوتنەوەی نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی ئەگەر چی زۆر لاوازو پرش و بڵاوە بەڵام وەک کاردانەوەیەکی جەماوەریی بە دژی هەڵاواردن، نایەکسانی و بێ مافی خەڵکی، بەردەوام ترس و لەرزی خستۆتە گیانی دەوڵەتانی ناوچەکە.

دوای روخانی دەوڵەتی بەشار ئەسەد لە سوریە، کۆمەڵێک گۆڕانکاری گرنگ لە لوتکەدان. ئەم گۆڕانکاریانە لە قۆناغی ئێستادا بە کردەوە هەمان دۆخی ١٠٠ ساڵی ڕابووردوو نوێنەرایەتی دەکەن. ئەگەری دابەش کردن و دارشتنەوەی سەرلەنوێ نەخشەی ناوچەکە و داگیرکردنەوەی بە شێوازێکی نوێ و ڕووخاندن و هەڵتەکاندنی هەندێک دەوڵەت و دروستبوون و پێکەوەنانی دەوڵەتانێکی تر کە خزمەت بە بەرژەوەندی دەوڵەتە زلهێزەکان دەکەن، حاشای لێناکرێ. کورد کە لە چەقی ئەو ڕوداو و پێشهاتانەدایە. لە نێو ئەم گۆڕانکاریانەشدا هەلێکی زێڕین بۆ کورد هاتۆتە ئاراوە. ئەگەرچی ئەم هەلە بۆتە چەقڵی چاوی دوو دەوڵەتی تورکیەو ئێران بەڵام دەخوازێ لە هەر چوار پارچەی کوردستان پشتیوانی لێبکرێ.

لە حەوتۆکانی داهاتوودا بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێدەنێتە ٤٨ مین ساڵۆگەری خۆیەوە. ئەم بزوتنەوەیە کە بەرهەمی شۆرشی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە تا بەئەمرۆ گەلێک هەورازو نشێوی سەختی بریوە. هەزینەی زۆری داوە و گەلێک شانازی بەنرخیشی وێڕای قوربانی گەلێکی زۆر، تۆمار کردوە.

ئەم بزووتنەوە ڕەوایەی خەڵکی کوردستان هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە لەگەڵ دەسەڵاتێکی ئیدئۆلۆژیک و کۆنەپارێز، بەرەوڕوو بوو کە بە بەکارهێنانی سیستمێکی تۆقێنەر و فاشیستی و وەڕێخستنی کوشت و بڕ و بگرە بکوژە، هەوڵ بۆ بەرەو پێش نەچوونی دەدرا و بەردەوام کۆسپ و تەگەرەی خرایە بەردەم. بەڵام لە پاڵ هەوڵەکانی ڕژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو، ژنان و پیاوانی ئازارچێشتوی کوردستان زۆر ساغ بوون بۆ پارێزگاری کردن لە دەسکەوتەکانی ئەم شۆڕشە و لەسەرتاسەری کوردستان بەرخۆدان دەستی پێکرد. ژنان و پیاوان و لاوانی کوردستان شان بەشانی یەک لەسەنگەری پێشمەرگانەدا و لە ڕیزەکانی کۆمەڵەدا دژی پەلاماری بێبەزەیانەی ڕژیم وەستانەوە. شاروگوندەکان بوون بە میوانی پێشمەرگە و بنکەو مەقەرەکان یەک لەدوای یەک دامەزران. بەمجۆرە چەخماخەی شۆڕشێکی ڕادیکال بە بەشداری ژنان و پیاوانی شۆڕشگێر لە کوردستان لێدرا. کۆمەڵە لە ٢٦ی ڕێبەندانی سالی ١٣٥٧، هەڵسووڕانی ئاشکرای خۆی دەستپێدەکات و بەم شێوەیە یەکەمین دەستەکانی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە شارو ناوچەکانی کوردستان سازمان دەدرێن.

شکڵ گرتنی کـۆمەڵە و خۆشەویستی و خەڵکینەبوونی دامەزرینەرانی هەر لە کورت ماوەدا بوو بە مـــوژدە بەخشی دەستپێکی قۆناغیکی نوێی خەبات لەو سەردەمی بزوتنەوەی کوردستاندا. ئیتر لەمەو بەدوا کۆمەڵە بوو بەکانگای هیوای زۆر ئازادیخواز و تێکۆشەر لەدەرەوەی کوردستان. لایەنگران و ئەندامانی زۆر ڕێکخراوی سیاسی و تاکەکەسی کە سەر بە هیچ ڕێکخراوێک نەبوون دەهاتنە کوردستان بۆ دیتنی بەرهەمی ئەو خەباتە و زۆر کەسیش دەمانەوە و ڕەگەڵ دەکەوتن و چەکی پڕ لەشانازی کۆمەڵەیان دەکردە شانیان. دوای ٤٨ ساڵ کۆمەڵە بەردەوام وەک بەستێنی سەرەکیی بزووتنەوەی چەپ لە کوردستان لێبڕاوانە هەوڵ دەدات لەڕێگەی خەبات و تێکۆشان و بە هاوکاری لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات کۆمەڵگای کوردستان لەم قۆناغە هەستیارە تێپەڕێنێ و ڕێبەری بکات بۆ روخانی کۆماری ئیسلامیی.

ئێمە لەم ٤٨ ساڵەدا لە هەموو بوارەکانی خەباتدا تێکۆشاوین بۆ نەهێشتنی ستەم و چەوساندنەوەو هەڵاواردن و خۆمان بە بەرپرس زانیوە لە بەرانبەر وەدیهێنانی مافە ڕەواکانی کۆمەڵانی ڕەنجدیتووی کوردستان. ئێمە رەوتێکین کە دەمانهەوێ بە یەکگرتووی لەگەڵ جەماوەری وەگیانهاتووی کوردستان کۆتایی بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی بێنین و کۆمەڵگایەکی شیاوی ئینسانی لە کوردستان دامەزرێنین و بانگەوازی هەموو تێکۆشەران و بیر جیاوازان دەکەین کە لەو ئەرکە گرنگەدا یارو یاریدەدەرمان بن.

...بۆ ل٧

# شۆڕش یان ناسەقامگیری: ڕێڕەوەکانی داهاتووی ئێران





چیمەن جەوانڕوودی

لە ڕۆژانی خوێناوی ئەم دواییە لە ئێران، بە پێی ڕاپۆرتی میدیا و مافی مرۆڤ، لە ماوەی نزیکەی شانزە ڕۆژدا زیاتر لە بیست هەزار کەس کوژراون و دەیان هەزار کەسیش دەستبەسەر کراون، ئەشکەنجە دراون یان بێسەروشوێن بوون. ئەم ئاستە لە توندوتیژی دەوڵەتی نەک هەر لە ڕوانگەی ئەخلاقی و مافی مرۆڤەوە کارەساتبارە، بەڵکو لە ڕوانگەی سیاسییەوە پرسیارێکی بنەڕەتی دەوروژێنێت: ئایا سیستەمێک کە تەنیا لە ڕێگەی سەرکوتی دڕندانەوە بەدوای مانەوەی خۆیدا دەگەڕێت، دەتوانێ بەردەوام بێت لە حوکمڕانی کۆمەڵگایەکی بریندار و ناڕازی؟

ئەگەر نا، ئایا شۆڕش لە هەلومەرجێکی لەو جۆرەدا مومکینە؟ ئەم نووسینە هەوڵ دەدات سێ پرسیاری سەرەکی لە ڕوانگەیەکی شیکاری بخاتە ڕوو: یەکەم) ڕوودان، یان مەحاڵبوونی بەردەوامبوونی حکومەتی کۆماری ئیسلامی بە پشتبەستن بە توندوتیژی، دووەم) ئیمکانی شۆڕش لە هەلومەرجی ئێستادا، سێیەم) ئەگەری سیناریۆ لە ئەگەری شکستی شۆڕشدا.

١. حکومەت لە ڕێگەی توندوتیژیەوە: مانەوە! یان وردە وردە داڕمان؟

لە ڕوانگەی تیۆرییەکانی زانستە سیاسییەکانەوە، دەوڵەتەکان پێویستیان بە تێکەڵەیەک لە «شەرعیەت»، «کارایی» و «دەسەڵاتی زۆرەملێ» هەیە بۆ مانەوە. لە ساڵانی ڕابردوودا و بە تایبەت دوای ڕاپەڕینە سەرتاسەرییەکان، کۆماری ئیسلامی تا ڕادەیەکی زۆر دوو لایەنی یەکەمی لەدەست داوە: نەمانی شەرعیەت: کەلێنی قووڵی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا و بەتایبەت نەوەی گەنج و ژنان و کەمینە نەتەوەییەکان و چینی خوارەوە، شەرعیەتی ئایدیۆلۆژی و ئایینی سیستمی خاڵی کردووەتەوە.

٢. توندوتیژی دەوڵەتی وەک تاوانێک دژ بە مرۆڤایەتی

لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە، کوشتنی بەربڵاوی خۆپیشاندەران، دەستگیرکردنی بەکۆمەڵ، ئەشکەنجەدانی سیستماتیک و سەرکوتی ڕێکخراوانەی ژنان و کەمینەکان نموونەی ڕوون و ئاشکرای پێشێلکردنی توند و بەربڵاوی مافەکانی مرۆڤن و لە هەندێک ڕووەوە توخمەکانی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی لەخۆدەگرن. حکومەتێک کە لە ڕووی پێکهاتەییەوە مافی ژیان و ئازادی ڕادەربڕین و کۆبوونەوەی ئاشتیانە و کەرامەتی مرۆڤ پێشێل بکات نەک تەنها شەرعیەتی ناوخۆیی خۆی بەڵکو پێگەی یاسایی و ئەخلاقی خۆی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا لەدەست دەدات. لەم جۆرە هەلومەرجەدا داخوازی گۆڕانکاریی سیاسیی بنەڕەتی، داخوازییەکی ئایدیۆلۆژی نییە، بەڵکو مافی ڕەوای کۆمەڵگە بۆ بەرگریکردنە لە خۆی لە بەرامبەر توندوتیژیی دەوڵەتی.

٣- ئایا شۆڕش لە ئێران مومکین دەبێت (بە لە بەر چاو گرتنی ناڕەزایەتییەکان و کوشتاری بەر بڵاو)ی ئەم جارە ؟

ئەگەری شۆڕش لە ئێراندا بەندە بە لێکنزیکبوونەوەی سێ فاکتەری سەرەکی؛ ئیرادەی کۆمەڵایەتی بەردەوام: کۆمەڵگای ئێران بە تایبەت دوای بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی"، لە ڕووی دەروونییەوە خاڵی چاکسازی لە سیستەمەکەدا تێپەڕاندووە. دابەشبوونێک لە بلۆکی دەسەڵاتدا و زیادبوونی تێچووی سەرکوتکردن دەتوانێت ببێتە هۆی کەمبوونەوەی هێزی سەربازی و ئەمنی و ئابووری؛ فاکتەری یەکلاکەرەوە بۆ سەرکەوتنی شۆڕشەکان.

ڕێکخستن و ئاسۆیەکی سیاسی هاوبەش: بەبێ پێکهاتەیەکی هەماهەنگ و لانیکەم پلانی گواستنەوە، تورەیی کۆمەڵایەتی بە تەنیا ناتوانێت دەسەڵات بگۆڕێت. لە غیابی ئەم هۆکارانەدا، ڕەنگە شۆڕش دەست پێ بکات بەڵام کات دەبات و دەبێتە بڕینێکی درێژخایەن و تێچووی زۆرە، مەگەر بە پشتیوانی وڵاتانی ڕۆژئاوا، ئامریکا ئەڵتەرناتیڤی گونجاو بۆ گۆڕینی حکومەتی ئێران بە ( حکومەتێکی دیموکراتیک و سێکولار)

ئەگەر شۆڕش سەرنەکەوێت: سیناریۆی گریمانەیی

شکستی شۆڕش بە مانای گەڕانەوە بۆ سەقامگیری نییە. ئەگەری زۆرترین دەرئەنجامەکان بریتین لە: چەسپاندنی دەوڵەتێکی ئەمنی-سەربازی لەگەڵ نەهێشتنی تەواوەتی ئازادییە مەدەنییەکان. ناسەقامگیری درێژخایەن و سووڕێکی دووبارەبوونەوەی ناڕەزایەتی و سەرکوتکردن. داڕمانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی و کۆچی بەربڵاو و بڵاوبوونەوەی توندوتیژی کۆمەڵایەتی. مەترسی خۆخزاندنی ململانێ ناوخۆییەکان بۆ ناو دابەشکارییە نەتەوەیی و چینایەتییەکان. ئەم سیناریۆیانە هەڕەشە نین، بەڵکو دەرئەنجامە لۆژیکیەکانی گیرفانی سیاسی و بەردەوامی توندوتیژی دەوڵەتین.

پوختە

ڕەنگە کۆماری ئیسلامی بۆ ماوەیەک بە توندوتیژی حوکمڕانی بکات، بەڵام توانای بەرهەمهێنانی سەقامگیری داهاتووی نییە. هەر دڵۆپێک خوێن قەرزێکی مێژوویی نوێیە کە بەسەر داهاتووی ئێراندا سەپێنراوە. شۆڕش لە ئێراندا مومکینە، بەڵام سەرکەوتنی پێویستی بە ڕێکخستن و هاودەنگی وپشتیوانی نێودەوڵەتی ئاسۆیەکی ڕوونی سیاسی هەیە. لە غیابی ئەم فاکتەرەنەدا کۆمەڵگا بەرەو ئازاری درێژخایەن و تێچووی زیاتر دەبات. ئیتر پرسی سەرەکی ئەوە نییە کە ئایا گۆڕانکاری ڕوودەدات یان نا، بەڵکو ئەوەیە کە چۆن و بە چ نرخێک و بە قازانجی کام هێز دەبێت.

**ڕەنگە کۆماری ئیسلامی بۆ ماوەیەك بە توندوتیژی حوكمڕانی بكات، بەڵام توانای بەرهەمهێنانی سەقامگیری داهاتووی نییە. هەر دڵۆپێك خوێن قەرزێكی مێژوویی نوێیە كە بەسەر داهاتووی ئێراندا سەپێنراوە. شۆڕش لە ئێراندا مومكینە، بەڵام سەركەوتنی پێویستی بە ڕێكخستن و هاودەنگی وپشتیوانی نێودەوڵەتی ئاسۆیەكی ڕوونی سیاسی هەیە. لە غیابی ئەم فاكتەرەنەدا كۆمەڵگا بەرەو ئازاری درێژخایەن و تێچووی زیاتر دەبات. ئیتر پرسی سەرەكی ئەوە نییە كە ئایا گۆڕانكاری ڕوودەدات یان نا، بەڵكو ئەوەیە كە چۆن و بە چ نرخێك و بە قازانجی كام هێز دەبێت.**

# بزووتنەوەی ژنان لە کوردستان، هێزی بزوێنەری هەموو بزووتنەوە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان



**دوارۆژ**

بە لەبەرچاوگرتنی گۆڕانکارییە قووڵەکانی کۆمەڵگای کوردستان و، سەرەڕای دەسەڵاتی دژە ژنی کۆماری ئیسلامیی، پێگەی ژن لەم کۆمەڵگایە، چ لە نێو بزووتنەوەی نەتەوەیی دیموکراتیکی کوردستان و چ لە نێو حیزبەکاندا گەیشتۆتە ئاستێکی باڵاتری کۆمەڵایەتیی و سیاسی. لە ڕێبەندانی ٥٧دا بارودۆخی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی ژن بە خێرایی گۆڕانی بەسەردا هات. کۆمەڵە لە کوردستان زیاتر لە هەر ڕەوتێکی سیاسی دیکە، وەک حیزب و داکۆکیکاری مافەکانی ژنان، ناسرا. پێوەندیگرتنی پۆل پۆلی ژنان بە کۆمەڵەوە، چ لە ڕێکخستنەکانی شار و چ لە خەباتی چەکداریی و لە سەنگەرگرتنی ڕاستەوخۆ بەرامبەر بە داگیرکەر، شاهیدی فێمێنیست بوونی کۆمەڵە و ئامادەگیی دەروونیی و سیاسیی ئەندامانی کۆمەڵەیە بەرامبەر بە پرسە فێمێنیستییەکان و خەباتی ژنان بۆ چارەسەرکردنی پرسەکانی خۆیان. ئەمە تایبەتمەندییەکی بەرچاو و جێ شانازیی کۆمەڵەیە.

بەشداریی ژنان لە دوارۆژی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ڕێبەندانی ٥٧ هەتاوییدا و پاشتریش، بەشداریی بەرین و قارەمانانەی ئەم نەوەیە لە بزووتنەوەی ژنان و بەتایبەتی لە ڕیزەکانی کۆمەڵەدا، ڕوواڵەتێکی زیندوو و پشکێکی بەرابەریخوازانەتری بە گشت بزوتنەوەکە بەخشی. ژنان لە کوردستان لە مەیدانی ئیعتیرازی سیاسی و خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان و سازدانی ڕێکخستنە پیشەییە نوێیانەکان و دواتریش لە مەیدانی بەرگریی چەکدارییدا، درەوشانەوە و بۆ هەمیشە، لاپەڕەیەکی پڕ لە شانازییان خستە سەر مێژووی ئەم نەتەوەیە.

ئێستاکەش بەشداریی ژنان لە بوارەکانی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و فەرهەنگیی و ئەدەبی و، لە نێو ڕێکخراوە خۆڕسک و سەربەخۆکاندا لە کوردستان، ئەم دیاردەیەی زیاتر دەوڵەمەند کردوە. دەرکەوتنی سیمای جۆراوجۆری ئەدەبیی، سیاسی، کۆمەڵایەتیی و زانستیی لە ناو ژنانی کوردستان و ئەگەری حەتمیی پەرەسەندنەکەی لە بارودۆخی ئێستا و داهاتوودا، قورساییەکی زۆرتر دەبەخشێتە پێگەی ژنان لەم کۆمەڵگایەدا. بوونی نەوەیەک لە ژنانی خەباتکاری کوردستان لە بزاوتی سەراسەریی ژنانی ئێران و هەروەها لە ڕەهەندگەلی نێودەوڵەتیی، نیشانەی ئەوەیە کە بزووتنەوەی فێمینیستیی و بەرابەریخوازانە لە کوردستان بەربڵاوتر و بەهێزتر بووە. ئەم بارودۆخە بۆ کۆمەڵە دەرفەتگەلێکی نوێ دەخولقێنێت کە بە توانا و زەرفیەت و متمانە بەخۆبوونێکی پترەوە، پەرە بە هزری مرۆڤیی و پێشکەوتووانە و بەرابەریخوازانە بدات.

کۆمەڵە بزووتنەوەی ژنان لە کوردستان، بە بەشێک لە بزووتنەوە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان دەزانێت کە لەم دەورەیەدا ئیمکانی گەشە و باڵاکردنی زۆرتری پەیدا کردوە. ئێمە بە تەواوی پشتگیری لەم بزووتنەوەیە دەکەین و، گەشەکردنی بزووتنەوەی ژنان نیشانەیەکە لە دروستبوونی سیاسەت و ئاراستەی کۆمەڵە لە ئاڵوگۆڕەکانی ساڵی ٥٧ و دواتریش لە کوردستاندا. بە خۆشییەوە ئەم فەرهەنگە لە کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ روو لە پەرەسەندنە.

ژنان تا دێ بوارگەلی کۆمەڵایەتی، سیاسی و زانستیی نوێ داگیر دەکەن و لە نێو حیزبەکاندا و لە ڕابەری سیاسیدا شوێن و پێگەیەکی باشتر دەستەبەر دەکەن. زیاتر لە دوو دەیە خۆڕاگریی ژنانی خەباتکار و چەپ و سوسیالیستیی کوردستان لە زیندانەکان کە بەشی هەرە زۆریان لە ریزەکانی کۆمەڵەدا خەباتیان کرد، چ لە ڕێکخستنی نهێنی و چ لە ریزەکانی پێشمەرگەی کۆمەڵەدا، شانازییەکە کە لە ئاسمانی بزووتنەوەی ئێستای ژنان لە کوردستاندا، دەدرەوشێتەوە.

شۆڕشی « ژن، ژیان، ئازادی »کە ژنان تێدا ڕەچەشکێن و ستوونەکانی شۆڕشەکەیان بەدەستەوە بوو لە مەودایەکی زۆر کەمدا بوو بە شۆرشێکی کۆمەڵایەتی گشت گیر. لەم شۆڕشەدا ژنان بە پاڵپشتی پیاوانی ئازادیخواز لە کوردستان و پشت ئەستوور بوون بە رەوتی چەپ لە کوردستان، بڵێسەی شۆرشێک لێدەدەن کە خوازیاری گۆڕانی بنەڕەتی لەناو کۆمەڵگاو روخانی دەسەڵاتێکن کە ژیانی بۆ ئەوان کردۆتە دۆزەخێکی گەورە. خەڵکی کوردستان بە تایبەتی ژنان لەم شۆڕشەدا بە کردەوە چوونە قۆناغێکی نوێ لە خەبات لەدژی کۆماری ئیسلامیی بۆ بەدیهێنانی داواکارییەکانیان. لەم شۆڕشەدا ژنان پێشەنگ بوون. ئازادی و یەکسانی بوو بە داخوازی سەرەکی بزووتنەوەکە. دروشمی « ژن، ژیان، ئازادی»، لە شەقامەکانی کوردستانەوە توانایەکی وەها شۆڕشگێڕانە وجوڵێنەری وەدەست خست کەبوو بە وێردی سەر زاری هەموو ژنان و پیاوانی ئازادیخواز لە جیهاندا و بە کردەوە یەکڕیزی و هاوسۆزێکی مەزن و گەورەی بەدوای خۆێدا ڕاکێش کرد. ئەم شۆڕشە بێدەنگییەکانی شکاند و هاواری پەنگ خواردی دەیان ساڵەی خۆی لەژێر ناوی بژی « ژن، ژیان، ئازادی » و « مەرگ بۆ دیکتاتۆر »،هاوار کرد.

زانکۆکان و خوێندکاران کە ماوەی ساڵانێک بوو بێدەنگ بوون، بە گڕ و تینێکی زیاترەوە بەم خەباتە پەیوەست بوون. حیجابەکان لابران و سووتێندران، شەڕی ژنان و گەنجان لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی حکومەت بووە ڕاستی ناو شەقامم . ئەم شۆڕشە تا دەهات گەورەترو گەورەتر دەبوو. پێوەندی نێوان جەماوەری ناوەوە لەگەڵ ئێرانیانی تاراوگە پتەوترو پتەوتر بوو. جگە لەوەش پشتیوانی ئازادیخوازانی جیهان بۆ ئەم شۆڕشە مژدەی داهاتوویەکی گەشی دەدا. ژنان لەم شۆڕشەدا دەیانەویست بوێرانە گۆڕانکاری لە ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا پێک بێنن. ڕادیکالیزم و پێشکەوتنخوازی دروشمەکان، ئەم شۆڕشەی جیاوازتر کردبوو. ئەمە گەورەترین و هۆمێد بەخشترین بەرخۆدان بوو کە خوازیاری گۆڕانکاری بنەرەتی بوو. دژایەتی تەواوی سیستەمی ئیسلامیی، لەپێناسە سەرەکییەکانی ئەم شۆرشە بوو. خەڵک بوێرانەتر لە جاران خەباتێکی چارەنووس سازیان دژ بە ڕژیم وەرێ خستبوو، هاوسەنگی هێزیان بە قازانجی خۆیان گۆڕی بوو.

لە ڕاستیدا بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژنان کە بە دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» «نە ڕووسەری، نە تووسەری»، «مەرگ و نەمان بۆ دیکتاتۆر» و بە کردەوەی سەمبۆلیکی وەک لابردنی حیجاب لەسەر شەقام و سووتاندنی هاتە مەیدان، یەکێک لە پایە گرنگەکانی دەسەڵاتی سیاسی و ئایدیۆلۆژیی دەسەڵاتیی ئیسلامیی تێکشکاند. ئەم شۆڕشە بە کردەوە بزووتنەوەی ڕزگاریی ژنی نەتەنیا لە کوردستان و ئێران، بەڵکوو لە ئاستی ناوچەکەدا بردە قۆناغێکی نوێوە. ئەمرۆ قورسایی بزووتنەوەی ژنان دەرفەتێکی گونجاوی بۆ هێزەکانی نەیاری کۆماری ئیسلامیی لە کوردستان خوڵقاندوە. ئێمە ئەم خەباتە و ئەم پێشەوە چوونە بە هەوڵی یەکەم ژنان خۆیان و دووهەم بە هەوڵی چاڵاکانی چەپ لە کوردستان پێناسە دەکەین و پێمان وایە ئەمە چەپەکان بوون ڕێرەوی شۆرشی ژنانیان لە کوردوستان هەموار کرد تا ژنان ببنە قورسایی خەبات لە کوردستان.

بزووتنەوەو چاڵاکییەکانی ژنان بۆ رزگاری و گەیشتن بە خواست و ویستەکانیان کۆمەڵێک دەسکەوت و ئەزموونی بە نرخی لە شەقامی کوردستاندا تۆمار کردووە. کەواتە دەتوانین بەشەهامەتەوە بڵێین کە لەپاڵ هێزەکانی تری چالاک لە گۆڕەپانی خەبات لە کوردستان ئەوە هێزە چەپەکانن کە دەبێ ئەم دەسکەوت و ئەزمونانە بپارێزن و لەئەزمونەکانی کەڵک وەرگرن و لە شۆڕشی داهاتوودا کەڵکی لێ وەرگرن. شۆڕشگێران و ڕێبەرانی بەئەزموونی خەباتی جەماوەری لەکوردستان دەبێ لە بیری شکڵدان و پەرەپێدانی جەمسەرێکی چەپی بەهێز کە هەڵگری بە ئەمەگی ئاڵای شۆرشی ژنان و دەسکەوتەکانی ئەم شۆڕشە لە کوردستاندا بن و زیاتر خۆی بۆ ئامادە کەن. دەبێ شۆڕشگێران و ڕێبەرانی ئەم شۆڕشە کە لە هەوڵ و خەباتی تا ئێستایان ئەزموونیان بەدەس هێناوە لە دەورەی داهاتووشدا دەور بنوێنن و لەدەوری یەک کۆببنەوە و تواناییەکانیان بە شێوازێکی بەرنامە بۆ داندراو، لە هاوئاهەنگی لەگەڵ یەکتردا بخەنە گەڕ و لایەنە بەهێزەکانی ئەم شۆڕشە بەهێزو بەرەو پێشی بەرن. تا بەم شێوە لایەنی چەپی ئەم شۆڕشە بەهێز کەن و هاوسەنگی هێز بە قازانجی بەرەی خۆیان واتا بەرەی شۆرش بگۆڕن. ئەوە ئەرکی چەپەکانی کوردستانە تا جارێکی تر و بەشێوازێکی ژیرانەتر سوککانی ئەم شۆڕشە بەدەستەوە بگرن و ڕێنوێن و ڕێنیشاندەری بن . ژنان و کچانی شۆڕشگێری کوردستان لەقۆناغی یەکەمدا ڕۆڵی باشیان گێڕا و بوونە ئاوێنەی باڵا نوێنی شۆڕش و بێ گومان لەقۆناغی ئێستاشدا شەقامی شۆڕش چاوی هەر لەوانە و هەر ئەوانیش دەبن کە شان بەشانی پیاوان و دایک و باوکەکان بەرەو شۆڕشی داهاتوو هەنگاو بنێن.

**کۆمەڵە خۆی بە پشت و پەنای ئەم خەباتە دەزانێ و تا گەیشتن بە ئازادی دەسبەرداری خەباتی ژنان نابێ**

.

# خەبات و بەرخۆدانی ئازادیخوازیی ژنان لە شەڕە جیهانییەکانەوە هەتا خەباتی ژنانی کورد





تەلار ئیوەر

**پێشەکی**

سەدەی بیستەم یەکێک بوو لە توندترین و خوێنڕێژترین قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، سەدەیەک کە دوو شەڕی گەورەی جیهانی و هەروەها ژمارەیەکی زۆر شەڕو چالاکیتر، تێیدا ڕوویداوە. لە نێوان ئەم هەموو گۆڕانکارییە گەورانەدا، ژنان ڕۆڵێکی گرینگ و کاریگەرییان هەبوە، ڕۆڵێک کە زۆرجار لە مێژووی فەرمی و نووسراوەدا یان شاردراوەتەوە یان بێ بەها کراوە، ئەم مێژووە نیشانی داوە کە بێ هاوکاری و هاودڵی ژنان، پیاوان بە تەنیا ناتوانن شەڕەکان بەڕێوە ببەن و سەرکەوتوو بن. سەرهەڵدانی بزووتنەوەی فێمێنیستی لە ڕۆژئاوا لەلایەک و قسەوباس و ڕاوبۆچوونەکان سەبارەت بە بەشداری و ڕۆڵی کاریگەری بەشداریکردنی ژنان لە نێو هێزی چەکداری و ئەکادیمییەکانی ڕۆژئاوا لەلایەکیتر، ڕێگەخۆشکەر و هاندەری زیاتر بوو بۆ ژنان کە وەکوو شەڕڤان بەشداری جوڵانەوەکان بکەن.

شتێکی نوێ و سەیرو سەمەرە نییە کە لە کۆمەڵگەی ئێستادا کە هێشتا سێبەر و تێڕوانینی پیاوسالارانە، کولتوور و ئایین بەسەر نەتەوەی کورددا زاڵە، بەشداری ژنان وەکوو شەڕڤان لەنێوان هێزە چەکدارەکان، شکاندنی سیستمی پیاوسالاری و دژایەتیی تەقلیدی کۆنەپارێزییە.

مێژوونووس و نووسەری ئەمریکایی ماری ڕیتێر بێرد، لە کتێبی ژن وەکوو هێز لە مێژوودا نووسیویەتی لەو شوێنانەی کە ژن فەرمانڕەواو بڕیاردەرو جێبەجێکار بوون، سەربازەکانیان هانداوە بۆ شەڕو شانبەشانی پیاوان لە شەڕدا بوون و بۆ بەرگری کردن لە ماڵومنداڵ و نیشتمانیان چەکیان هەڵگرتووە.

**ژنان و شەڕە جیهانییەکان:**

بەشداری ژنان لە شەڕی جیهانی یەکەم شتێکی شاراوە نییە. لە شەڕی جیهانی دووهەم (١٩٣٩–١٩٤٥) و شەڕەکانی دواتر، ئەم بەشدارییە چووە قۆناغێکی نوێ. ژنان تەنها یارمەتیدەر نەبوون، بەڵکوو بوون بە هێزێکی سەرەکی لە چالاکییە سەربازی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا و تواناییان نیشان دا بۆ سەقامگیرکردنی پێگەو شوێنی خۆیان لە کۆمەڵگەی جیهانی بۆ دەستەبەرکردنی یەکسانی مافەکان. لە شەڕی چەکداری، پەرەستاری، ڕۆژنامەوانی، بوارەکانی کۆمەڵایەتی، کشتوکاڵ، پیشەسازی و بواری زەوی و زار، ژنان چالاک بوون و زۆرجار گیانی خۆیان فیدا کردووە و هاوکات لەگەڵ ئەوەیش، ژنانی کاریگەر لە مێژووی شەڕەکاندا کەم نەبوون و نین.

ڕاستییە مێژوویەکان لە شەڕی جیهانی دووهەمدا، بە پێی ئامارەکان لە یەکێتی سوڤیەتدا نزیکەی ٣٠٠,٠٠٠ ژن، لە وڵاتە یەکگرتووەکان ٣٥٠,٠٠٠ ژن، لە بەریتانیا ٤٥٠,٠٠٠ ژن، لە ئەڵمانی نازی ٤٥٠,٠٠٠ ژن، لەناو هێزە چەکدارەکاندا بەشدارییان کردووە، نزیکەی ٧٥٪ ئەو ژنانە بە دڵخوازی خۆیان چوونەتە ناو شەڕ. ئەمە لە کاتێکدا بووە کە زۆرێک لە ڕێبەرانی سیاسی و سەربازی وڵاتە یەکگرتووەکان بە توندی دژ بە بەشداری ژنان بوون. بەڵام ئەنجامی خەبات و پێداچوونەوەی ژنان ئەوە بوو کە لە ساڵی ١٩٤٨ یاسای تێکەڵکردنی ژنان لە چالاکییە چەکدارەکاندا وەک بەشێکی فەرمی پەسەند کرا و ژنان وەک هێزی چەکدار ناسێندران.

**ژنان، کار و بەرپرسیارێتی نوێ**

لە درێژایی شەڕی جیهانی دووهەمدا، کاتێک پیاوان لە مەیدانی شەڕدا بوون، ژنان بەرپرسیارێتییەکانی ناو ماڵ و کۆمەڵگەیان گرتە ئەستۆ. ژنان لە کشتوکاڵ، کارگەکانی بەرهەمهێنانی چەک و چۆڵ، دروستکردنی فڕۆکە، کەشتی و کەرەستە سەربازییەکاندا کاریان کرد. لە بواری پەرەستاری و خزمەتگوزاریی مرۆییدا، ژنان ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕا، هەزاران ژن لە ڕێکخراوەکان وەک خاچی سووری ئەمریکا وەک پەرەستیار و یارمەتیدەر بارهێنراون. ئەم بەشدارییە ڕێگایەکی گرنگ بوو بۆ سەقامگیرکردنی هەستی سەربەخۆیی، سەربەرزی و یەکسانی ڕەگەزی. بەپێی ئامار، ڕێژەی ژنانی خاوەنکار لە ساڵی ١٩٣٩ بڕی ٢٦٪ بوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٤٣ بۆ ٣٦٪ی ژنانی خاوەنی تەمەنی کارکردن گەیشت، ئەمەش تەنها ئەو ژنانە دەگرێتەوە کە لە بازاڕی کاردا تۆمار کراون، نەک ژنانی ماڵەوە.

ژنان لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لە ئێران و بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، ژنان شانبەشانی پیاوان لە شەڕ و سەنگەر و ئامادەکارییەکانی شەڕدا خەباتیان کردووە و ژمارەیەکیان گیانیان فیدا کردووە.

ژنانی کورد و خەباتی ئازادی

بە درێژایی مێژوو، ژنانی کورد پێگەیەکی گرنگیان لە بزووتنەوەکانی ئازادیخوازی گەلی کورددا هەبووە. لە ماوەی زیاتر لە ٥٠ ساڵی ڕابردوودا، بزووتنەوەکانی ئازادیخوازی بە گرنگترین بازنەی خۆڕاگری گەلی کورد ناسراون. ژنان لە ڕاپەڕینی باشوور، خەباتی باکوور، و شۆڕش و بەرگری دژی داعش لە ڕۆژئاوا، نەک تەنها لە چوار پارچەی کوردستان، بەڵکوو لە ئاستی ناوچەیی و جیهانیشدا بوون بە هێمای بەرخۆدان و ئازادی.

نموونە مێژووییەکان

قەڵای دمدم: لە سەرەتای سەدەی حەڤدەهەمدا، ژنانی کورد بە سەرکردایەتی گەوهەر خاتوون و پەریزاد خاتوون بە شێوەیەکی قارەمانانە دژی داگیرکاری سوپای سەفەوی ڕاوەستان.

«زەریفە»: یەکەم ژنی کورد کە ساڵی ١٩٣٧ لەلایەن هێزە داگیرکەرەکانی تورکیا بە شێوەیەکی دڕندانە شەهید کرا.

«لەیلا قاسم»: ساڵی ١٩٧٤، لە ژێر تەنافی سێدارە، سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب»ی خوێند و بوو بە هێمای بەرخۆدان دژی ستەم و بێدادی.

«سەکینە جانسز»: یەکێک لە ژنانی ناسراوی خەباتی کورد کە ساڵی ٢٠١٣ لە پاریس شەهید کرا.

«قەدەمخێر» خەڵکی پارێزگای لوڕستان یەکێکیتر لە ژنە شۆڕشگێڕانی سەردەمی ڕەزاشای پەهلەوی بووە کە لە شەڕەکاندا قارەمانێتی گەورەی تۆمار کردووە.

زۆرن ژنانی کورد کە توانیویانە مێژوویەکی زێڕین و پڕ لە شانازی بۆ خۆیان و گەلەکەیان تۆمار بکەن و هەر یەکەیان لە بوارێکدا ڕۆڵێکی گرینگیان بینیوە بۆ خزمەتکردن بە کورد و کوردستان، ژنانی نووسەر، شاعیر، سیاسەتمەدار، پێشمەرگە، شەڕڤان، فەرماندەو ... کە نموونەیان زۆر و بەرچاوە لەنێو نەتەوەکەماندا.

لە ئایینە جیاوازەکاندا و بە شێوەی جۆراوجۆر لە ڕوانگەی خۆیانەوە باسیان لە ژن کردووەو پێگەو جێگەیان بۆ ژن وەکوو نیوەی کۆمەڵگە داناوە، لەم سەردەمی مۆدێرنیتەیشدا ئایینی ئیسلام بەشێک لە کۆمەڵگەی کوردی لەخۆ گرتووەو کاریگەری لەسەر داناوە، هەندێک پیاوانی ئایینی لە ژێر کاریگەری ئایین و کولتوور و نەریتدا باوەڕی تەواویان بەوەیە کە، پیاوان مافی خاوەندارێتی ژنیان بەدەستەوەیە و ژنانیش دەبێ ملکەچی پیاوان بن و چاودێری بکرێن، پیاوانیان سەرتر لە ژنان داناوە، پیاوانی دەست ئاوەڵا داناوە لەکاتێکدا ژن گوێڕایەڵیان نەبن ڕیگەپیدراوە لە ژن بدرێت، تەنانەت دیارکراوە کە لێدانەکە ڕێگەپێدراوە تا ئەو ئاستەی جێگەو شوێنی دیار نەبێت. پیاوانی ئایینی بڕوایان بەوە هەیە کە دەبێت ژن لە ماڵەوە دابنیشێت و لەناو خەڵکدا نەناسرێن و نەبیندرێن، ژنان نابێت فێری نووسین و خوێندنەوە ببن ئەمانەو زۆر شتیتر وەک ئەوەی لە قورئاندا هاتووە ڕێگەخۆشکەرن بۆ زاڵبوونی پیاوان بەسەر ژناندا و زۆربەی پیاوانی ئایینی کەڵکیان لێوەرگرتوون و دەسەڵاتی خۆیان بەسەر بەشێک ژناندا سەپاندووە.

**کۆتاییی**

ژنان، لە شەڕە جیهانییەکانەوە هەتا خەباتی ئازادیخوازی گەلان، نیشانیان داوە کە تەنها بینەر یان قوربانی مێژوو نین، بەڵکوو ژنان خۆیان مێژوویان خولقاندووە، ڕۆڵی ژنان شتێکی حاشاهەڵنەگرەو پشتگوێ خستنیان حاشاکردنە لە نیوەی مێژووی مرۆڤایەتیی. خەباتی ژنان، بە تایبەتی ژنانی کورد، هێشتا بەردەوامە و بوونەتە هێمای ئازادی، یەکسانی و بەرخۆدان، ژنانی کورد ئێستا زۆر وشیارترن و بەردەوام لە بەرەوپێشبردنی هزرو بیری سەربەخۆیی و ئازادی و دەستەبەکردنی مافەکانیان.

# پەروەردەی منداڵان وکاریگەرییەکانی لە دروستکردنی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو





سارا ڕۆستەمی

پەروەردەی منداڵان یەکێکە لە گرنگترین ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان و گەشە پێدانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی. منداڵان وەک داهاتووی هەر نەتەوەێک، پێویستیان بە پەروەردەیەکی تەندروست، زانستی و ئەخلاقی هەیە بۆ ئەوەی بتوانن ببن بە کەسانێکی بەرپرسیار و سوود بەخش. شێوازی پەروەردە لە منداڵیدا کاریگەرییەکی درێژخایەنی هەیە لە سەرکەسایەتی، بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی تاک لە داهاتوودا. دایک و باوک ڕۆڵی سەرەکیان هەیە لە ڕێنیشاندانی ڕەفتاری باش. منداڵ زۆرجار لە ڕێگەی بینین و لێکدانەوە فێردەبێت، نەک تەنها لە ڕێگەی وتار. بویە هەڵسوکەوتی دایک و باوک دەبێتە نموونەیەک بۆ منداڵ.پشتیوانی دەروونی،گفتوگۆی کراوە و هاندانی فێربوون. بنەماڵە یەکەم و گرنگترین دامەزراوەی پەروەردەییە. لە ناو خێزاندا، منداڵ فێری بنەماکانی ژیان وەک ڕێزگرتن، ڕاستگۆیی، هاوبەشبوون و بەرپرسیارێتی دەبێت. ژینگەی ئارام و پڕ لە خۆشەویستی دەبێتە هۆی گەشەی تەندروستی دەروونی و هەستی منداڵ. بە پێچەوانەوە، ژینگەی پڕ لە شەڕ و توندوتیژی کاریگەرییەکی خراپی لە سەر گەشەی کەسایەتی منداڵ دەهێنێت.

قوتابخانە و زانکۆ وەک دامەزراوە فێرکارییەکان، ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە پەروەردەی زانستی و کۆمەڵایەتی منداڵان. لە گەڵ فێرکردنی زانیاری، فێری هاوکاری، ڕێکخستنی ژیان و بیرکردنەوەی ڕەخنەیی دەکرێن. لە لایەکی ترەوە، کۆمەڵگا، میدیا و کلتوریش بەشێکی گرنکی پەروەردەن. میدیای نوێ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن کاریگەرییەکی ئەرێنی یان نەرێنی لە سەر بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی منداڵان هەبێت. بۆیە پێویستە بە شێوەیەکی هۆشیارانە بە کارهێنرێن.

پەروەردەی منداڵان تەنها فێرکردنی خوێندن نییە، بەڵکو دروستکردنی مرۆڤێکی تەندروست، بەرپرسیار و هاوکارە. ئەگەر پەروەردە بەشێوەیەکی زانستی و مرۆڤایەتی جێبەجێ بکرێت، دەتوانرێت کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو، ئارام و دادپەروەرانە دروست بکرێت.

پەروەردەی منداڵان بەرپرسیاریەتییەکەی گشتییە کە پێویستی بە هاوکاری بنەماڵە، دامەزراوە فێرکارییەکان و کۆمەڵگا هەیە. گرنگیدان بە منداڵان، گرنگیدانە بە داهاتووی مرۆڤایەتی.

دەروونناسی (Psychology) و پەروەردەناسی (Pedagogy) دوو بوارن کەبە شێوەیەکی زۆر نزیک پەیوەستن بە یەکدی لە پەروەردەی منداڵان. دەروونناسی باس لە گەشەی هۆش، هەست، بیرکردنەوە و ڕفتاری مرۆڤ دەکات، بەتایبەتی لە قۆناغەکانی منداڵی. لە کاتێکدا پەروەردەناسی ئەو زانستەیە کە چۆنیەتی فێرکردن، ڕێنماییکردن و گەشەپێدانی تاک لە ناو دامەزراوە فێرکارییەکاندا توێژینەوە دەکات.

لەڕوانگەی دەروونناسییەوە، فێربوون تەنها پرۆسەیەکی هۆشی نییە، بەڵکو هەست، ئارامی دەروونی و ژینگەی کۆمەڵایەتیش

**پەروەردەی منداڵان یەکێکە لە گرنگترین ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان و گەشە پێدانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی. منداڵان وەک داهاتووی هەر نەتەوەێك، پێویستیان بە پەروەردەیەکی تەندروست، زانستی و ئەخلاقی هەیە بۆ ئەوەی بتوانن ببن بە کەسانێکی بەرپرسیار و سوود بەخش. شێوازی پەروەردە لە منداڵیدا کاریگەرییەکی درێژخایەنی هەیە لە سەرکەسایەتی، بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی تاك لە داهاتوودا. دایك و باوك ڕۆڵی سەرەکیان هەیە لە ڕێنیشاندانی ڕەفتاری باش. منداڵ زۆرجار لە ڕێگەی بینین و لێکدانەوە فێردەبێت، نەك تەنها لە ڕێگەی وتار. بویە هەڵسوکەوتی دایك و باوك دەبێتە نموونەیەك بۆ منداڵ. پشتیوانی دەروونی،گفتوگۆی کراوە و هاندانی فێربوون.**

کاریگەرییەکی گەورەیان هەیە. منداڵێک کە لە ژینگەیەکی ئارام و پڕ لە پشتگیری دەژیت، توانای فێربوونی باشتر هەیە، بۆیە پەروەردەناسی نوێ گرنگی زۆر بە ژینگەی قوتابخانە، پەیوەندی مامۆستا و قوتابی و پشتگیری دەروونی دەدات.

هەروەها دەروونزانی یارمەتیدەری پەروەردەناسییە بۆ تێگەیشتن لە جیاوازییەکانی تاکەکان، ئەم زانستە بە پەیوەندی بە هەست،فکری و چالاکیەکانی منداڵان، ڕێنمایی دەکات بۆ مامۆستا، دایک و باوک بۆ چۆنیەتی فێرکردن و پەروەردەی تایبەتی. تێگەیشتن بە ئەوەی منداڵان چۆن هەست و فکری خۆیان دەبینن و پێشرەفت دەکەن،کاریگەری زۆر لە شێوەی پەروەردەی فێرکاران و شێوەی یاری و چالاکیەکان هەیە. دەروونناسی پەیوەندی بە چۆنیەتی فێرکردن،تێگەیشتن بە هەستی منداڵ و ڕێنمایی کردن بۆ پەروەردەی باشتر.

پەروەردەی منداڵان و گرنگییەکانی لە ژیانی کۆمەڵایەتی – Mind in society یەکێک لە گرنگترین بابەتەکانی دەروونناسی پەروەردەیی کە تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە پەرە پێدانی مێشکی مرۆڤ تەنها لە ڕێگەی ئەزموونی تاکە کەسییەوە نایەتەدی، بەڵکو بە شێوەیەکی گرنگ لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و کەلتووری پەرە پێدەدرێت. ئەم بابەتە بنە مایەکی گرنگ بۆ تێگەیشتن لە پەرەپێدانی مێشکی مرۆڤ و هەر وەها دەسە لمێنێت کە فێربوون بە بێ کۆمەڵگە و زمان تەواو نییە. زمان ئامرازێکی سەرەکییە بۆ بیرکردنەوە و فێربوون. گفتوگۆ لەگەڵ کەسانی تر یارمەتی دروستکردنی بیرۆکەی نوێ دەدات. فێر بوون تەنها پرۆسەیەکی ناوخۆیی نییە ،بەڵکو بە شێکی کۆمەڵایەتییە.


– ئەم بیرۆکانە دەسەلمێنن کە مامۆستا نابێت تەنها زانیاری بگوازێتەوە، بەڵکو پێویستە ڕۆڵی ڕێنیشاندەری فێربوون بگرێت. کارکردن بە گرووپ،گفتوگۆ و یارمەتیدانی فێرخوازان زۆر گرنگن.

The Ecology of Human Development

ئەم تیۆرییە گەشەی مرۆڤ تەنها بە هۆکارە ناوخۆییەکان وەک ژنەکان و تواناکانی کەسەکە پێناسە ناکرێت بەڵکو بە ژینگەی دەوروبەریشەوە کاریگەری گەورەی هەیە.مرۆڤ لە ناو ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی و کلتووری قووڵدا گەشە دەکات و ئەم ژینگەیە پێکهاتووە لە چەند سیستەمێکی جیاواز: Microsystem ئەم سیستەمە نزیکترین ژینگەی کەسەکەیە وەک: خیزان،

...بۆ ل١١

# تێبینێکی سیاسی لەمەڕ شەپۆلی نوێی کوشتنی خۆپیشاندەران لە ئێران و کوردستان



نەوید محەممەدی

لە قۆناغێکدا کە قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی گەیشتووەتە بنبەست و ناڕەزایەتییە گشتییەکان لەهەڵکشاندان، دەسەڵاتی زاڵ بەسەر ئێران ڕێگایەکی تری بۆ مانەوەی دەسەڵات هەڵبژاردووە: ئەویش سەرکوتکردن و کوشتن و بڕینی خەڵکە بە قێزەونترین شێوەکان. بەپێی هەڵسەنگاندن و زانیارییە کۆکراوەکان، هەزاران خۆپیشاندەر ـ کە ژمارەیان لە ١٢ هەزار کەس زیاتر تێپەر دەبێ ـ ژیانیان بە دەستی هێزەکانی ڕژیمی ئیسلامیی و بەکرێگیراوانیان لەدەستدا. ئەم کوشتنانە لە سەرتاسەری ئێران بە ڕادەیەکی زۆر ڕوویداوە و هیچ جیاوازییەک لە نێوان ژن و پیاو، گەنج و پیر و منداڵ نەکراوە.

بەپێ هەواڵەکان کە بە سەختیش سنورەکان دەبەزێنن و لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو دەبنەوە هێزە سەرکوتکەرەکانی حکومتی خوێنڕێژی ئیسلامیی لە ترسی ڕوخان دەستیان نەپاراستووە و دڕندانە دەستدرێژیان لە خەڵکی ڕاپەڕیو کردوە. ئەو جینایەتانەی ڕژیمی ئیسلامیی بە جۆرێکە کە لە ناو گیانبەختکردواندا مێرمنداڵ و تەنانەت منداڵیش دەبیندرێ. ناڕەزایەتی و ڕاپەڕینی بەرفراوان لە زۆربەی شارەکانی ئێران و کوردستان ڕوویداو و سات بەسات بەربڵاوتر بوون. لاوانی ڕاپەڕیوی شارەکان ڕووبەڕووی هێزەکانی ڕژیم بونەوە و ڕێگا سەرەکیەکانی شاریان کۆنترۆڵ دەکرد و بەمجۆرە تا لە توانایان دابوو پاشەکشەیان بە هێزی سەرکوتکەری ڕژیم دەکرد.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێکڕا و وەک ئەرکی هەمیشەیی خۆیان بۆ پاڵپشتی نوێترین ناڕەزاییەتییەکان مانیان گرتوو بازاڕو شەقامی ڕۆژهەڵات نوقمی بێدەنگی بوو. دانیشتووانی زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان، بازاڕ و دووکانەکانیان داخست و لە ماڵەوە مانەوە، شەقام و کۆڵانەکان چۆل بوون و ئەوەی بەدی دەکرا، هێزێکی زۆری سەربازی و ئەمنیی بوون. بە گوێرەی ئەو ڤیدیۆیانەی لەلایەن چالاکانی مەدەنییەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاودەکرانەوە، مانگرتن و داخستنی دووکان و بازاڕ لە هەموو شارەکانی کوردستان بەڕێوەچووبوون. بە دوای کۆتایی هاتنی مانگرتن لاوان و ژنان و پیاوانی شۆڕشگێڕی کوردستان بە دەنگی دلێری خۆیان مانگرتنیان شکاندو لە ماڵەکانی خۆیان هاتنەدەرەوەو لە دووهەمین چالاکی خۆیان شەقامیان لە ئامێز گرت و وێڕای خەڵکی ناڕازی لە سەرتاسەری ئێران دروشمی نا بۆ دیکتاتۆریان وتەوە و ڕوخانی دەسەڵاتیان بۆ جارەکی تر کردە ئامانج.هەڵسووکەوت و سەرکوت و کوشتن و بڕینی خەڵک لە لایەن هێزە دژە شۆڕشەکانی کۆماری ئیسلامیی کە زۆربەیان لە هێزە نیابەتییەکانی کۆماری ئیسلامیی لە وڵاتانی هاوسێ پێکدەهاتن، ناتوانرێت تەنها وەک «هەڵەی ئەمنی» یان «هەڵوەشاندنەوەی ناڕەزایی» تێبگەین. ئەمە بەرهەمی سیستەمێکە کە ژیانی مرۆڤ تێیدا نرخی نییە و پاراستنی دەسەڵات لەسەر هەموو شتێک پێشترە.

سیستەمێک کە هێزی سەرکووت و ئایدیۆلۆژی فاشیزم و سامان لە یەکدا کۆبوونەتەوە بۆ سەرکوتکردنی زۆربەی کۆمەڵگا.

ئەوانەی هاتنە سەر شەقامەکان، نە هێزی دەرەکی بوون و نە ئامانجیان تێکشکاندنی کۆمەڵگا بوو. زۆربەیان خەڵکی زەحمەتکێش، خوێندکار، مامۆستا، ژنان و گەنجانی بێداهاتوون. داواکارییان ڕوون بوو: ژیانێکی شیاوی ئینسانی، حورمەت، ئازادیی ڕادەربڕین و کۆتاییهاتن بە چەوساندنەوەو هەژاری بوو. بەڵام لە وەڵامدا، حکومەت زمانێکی تری بەکارهێنا: زمانی کوشتن بە چەکی قورس و نیوە قورس.

کوشتن لە شەقام، تیرباران کردنی بێئاگاداری، دەستبەسەر کردن و مردن لە زیندان، ئەم شێوازە نیشان دەدات کە دەسەڵات هیچ باوەڕێکی بە چارەسەری سیاسی و گفتوگۆ نییە و تەنها هێز دەناسێت. لەو شوێنەدا کە دەوڵەت دەبێت پارێزگاری ژیانی هاوڵاتیان بێت، خۆی بووتە سەرچاوەی ترس و مەرگ.

لە چوارچێوەی شیکردنەوەی چینایەتی، ئەم کوشتنانە ئامانجیان بێدەنگکردنی چینە زەحمەتکێشەکان و کوژانەوەی دەنگی ناڕازی هاووڵاتیانە . دەسەڵات دەزانێت کە هەر کاتێک ئەم چینانە یەکگرتوو بن و داوای مافی خۆیان بکەن، بنچینەی دەسەڵاتەکەی لە مەترسی دەکەوێت.

لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، زۆر دەوڵەت و دامەزراوە قسە لە مافی مرۆڤ دەکەن، بەڵام کردارەکان پێچەوانەن. بێدەنگی و نیوەهەنگاویان ڕوون دەکات کە لە جیهانی سەرمایەداری، ژیانی مرۆڤ زۆرجار لە ژێر بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکاندا دەشکێنرێت.

یادەوەری ئەوانەی ژیانیان لەدەستدا نابێت تەنها بە خەم و ماتەم سنووردار بێت. ئەم یادەوەرییە دەبێت ببێتە هێزێکی هۆشیارکەرەوە، هێزێکی ڕێکخستن و هاوپێچی. خوێنی خۆپیشاندەران بە تۆمارێکی مێژوویی دەگۆڕدرێت کە نیشان دەدات گۆڕان، هەرچەند قورس و درێژخایەن بەڵام لە دڵی بەرگری و خۆڕاگریدا دەست پێدەکات. ئەم تێبینییە بانگێکە بۆ ئەوەی تاوان لەبیر نەکرێت، چونکە لەبیرکردن یەکسانە بە دووبارەبوونەوەی تاوان.

---

درێژەی لاپەڕەی ١٠

قوتابخانە، هاوڕێیان، مامۆستایان. لە ئەم ئاستەدا، منداڵ ڕاستەوخۆ لە گەڵ کەسانی دەوروبەری پەیوەندی هەیە. شێوازی مامەڵە کردنی دایک و باوک، شێوازی فێرکردن و هاوڕێی باش یان خراپ، هەمووی کاریگەری گەورەیان هەیە لەسەر گەشەی مرۆڤ

### Mesosystem

ئەمسیستەمە پەیوەندی نێوان ژینگە نزیکەکانە .بۆ نموونە: پەیوەندی نێوان خێزان و قوتابخانە، پەیوەندی نێوان دایک و مامۆستا. ئەگەر دایک و مامۆستا هاوکاری باشیا هەبێت،منداڵ باشتر گەشە دەکات،بەڵام ئەگەر ناکۆکی هەبێت،ئەوەکاریگەری خراپی دەبێت لە سەرمنداڵ.

### Exosystem

لەئەم ئاستەدا،کەسەکە ڕاستەوخۆ بەشداری ناکات،بەڵام کاریگەری لە سەری هەیە وەک: شوێنی کارکردنی دایک و باوک، یاسا و بڕیارە حکومیەکان، میدیا. بۆنموونە ،ئەگر باوک لە کارەکەی فشاری زۆری هەبێت ئەو فشاریە دەگوازێتەوە بۆ ناوخێزان

### Macrosystem

ئەم سیستەمە گەورەترین ئاستە و پێکهاتووە: کلتوور، ئایین، ئابووری، یاسا و نرخی کۆمەڵایەتی.

بیرۆکە و باوەڕە کلتوورییەکان دیاری دەکەن چۆن منداڵ فێر هەڵسوکەوت بێت ئەم سیستەمە لە گەڵ تاک کەس پەیوەندی نییە بەڵکو بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ژیان،لە فێربوونی مرۆڤ کاریگەری هەس.

### Chronosystem

ئەم سیستەمە پەیوەندی بە کاتەوەهەیە وەک: گۆڕانکارییە ژیانیەکان (هاوسەرگیری،ج یابوونەوە)، ڕووداوە گەورەکان (جەنگ،کۆچک ردن،پاندێمیا)، ئەو گۆڕانکارییانەی لە ماوەی ژیاندا ڕوودەدەن،کاریگەرییان هەیە لەسەر گەشەی مرۆڤ.

**گرنگی تیۆرییەکە:**

.مرۆڤ لە تەنها ژینگەیەکدا ناژیت، هەموو ژینگەکان پەیوەستن پێکەوە، گەشەی مرۆڤ کۆمەڵایەتی و کلتوورییە، ئەم تیۆرییە زۆر بەکاردێت لە: پەروەردە، دەروونناسی منداڵ، کارەکۆمەڵایەتیەکان، یاسا و سیاست.

ئەم سیستەمە تێگەیشتنێکی قووڵ پێشکەش دەکات بۆ ئەوەی چۆن ژینگەی دەوروبەری مورۆڤ کاریگەری لەسەر گەشەی هەیە .ئەم تیۆرییە وەک ئامرازێکی گرنگ بەکاردێت بۆ باشترکردنی ژیانی منداڵان و کۆمەڵگا.

**کۆتایی**

سیستەمەی پەروەردە بنچینەی کۆمەڵگایە،چونکە ڕێگا بۆ فێربوونی زانیاری و پەروەردە کردنی توانا و بیر کردنەوەی خوێندکاران دەکات.لەڕێگەی قوتابخانە و زانکۆکانەوە،منداڵان و گەنجان فێری ڕێز،هاوکاری وبەرپرسیارێتی دەبن. سیستەمێکی باشی پەروەردە دەتوانیت کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو و ئارام دروست بکات.


Dwaroj

سەرنووسەر:
عەزیز ئاجیکەند
هەڵەچن:
سۆران محەمەدی

Dwaroj@komala.com

بۆ خوێندنەوەی دواڕۆژ لەسەر تۆڕی ئینتێرنێت
سەردانی **www.komala.com** بکەن
پەیوەندی **dwaroj.net**

# فرەیی سیاسی؛ پێویستی داهاتووی کوردستان



**سەعدوون شەریف ئازەر**

داهاتووی کوردستان پەیوەستە بە تێگەیشتنێکی قووڵ لە واقیعە سیاسییەکانی سەردەمی ئێستا و قبوڵکردنی پرەنسیپی بنەڕەتی فرەیی سیاسی. کۆمەڵگایەک کە بیرۆکە و مەیل و ڕوانگەی جیاواز تێیدا دەرببڕێت و بەشداری تێدا بکات، دەتوانێت ڕێگا بۆ دیموکراسی و سەقامگیری و گەشەسەندنی بەردەوام خۆش بکات. فرەیی مەترسی نییە بۆ سەر شوناسی نەتەوەیی، بەڵکو گەرەنتییە بۆ دینامیزمی سیاسی و ڕێگریکردن لە قۆغکاری دەسەڵات.

لە هەلومەرجی ئێستادا بەدیهێنانی خواستە سیاسییەکانی گەلی کورد تەنیا لە ڕێگەی لێکنزیکبوونەوە و یەکڕیزی نێوان پارت و بزووتنەوە سیاسییە کوردییەکانەوە دەکرێت. دووبەرەکی و کێبڕکێی وەرچەرخان و بەرژەوەندییە سنووردارەکانی حیزبی هەمیشە یەکێک لە بەربەستە سەرەکییەکانی گەیشتن بە مافە ڕەواکانی گەلی کورد بووە. یەکگرتوویی سیاسی بە مانای نەهێشتنی جیاوازیەکان نییە، بەڵکو بە مانای بەڕێوەبردنی جیاوازیەکانە لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان و ئامانجێکی هاوبەشدا.

لە لایەکی دیکەوە هۆشیاری سیاسی کۆمەڵگا ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە لە بنیاتنانی داهاتوودا دەگێڕێت. کۆمەڵگایەکی ئاگادار نە دەبێتە کەرەستەی یارییەکانی دەسەڵات و نە ڕێگە دەدات چارەنووسی خۆی لە غیابی ئیرادەی بەکۆمەڵدا دیاری بکرێت. پەرەپێدانی کولتووری دیالۆگ و ڕەخنەی بنیاتنەر و بەشداری مەدەنی و دانانان بە مافە سیاسییەکان پێویستییەکی حەتمییە بۆ ئەمڕۆی کوردستان.

کوردستانی ئایندە پێویستی بە سیاسەتێکە لەسەر بنەمای عەقڵانیەت و لێبوردەیی و بەشداری گشتی؛ سیاسەتێک کە حیزبەکان، ڕۆشنبیران، گەنجان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پێکەوە کاردەکەن بۆ گەیشتن بە مافە سیاسییەکان و چەسپاندنی پێگەی نەتەوەیی و بەدیهێنانی خواستەکانی گەلی کورد. تەنیا لە سایەی فرەیی سیاسی و یەکگرتوویی ڕاستەقینە و هۆشیاری گشتیدا، داهاتوویەکی ئازاد و دیموکراسی و لەسەر بنەمای کەرامەتی مرۆیی بۆ کوردستان پێشبینی دەکرێت.

کوردستان جێگە و پێگە و بارودۆخە سیاسییەکەی گرنگییەکی بەرچاوی هەیە. کوردستان بە دوای شۆڕشی مەزنی ژینادا، پێی ناوەتە قۆناغێکی تایبەتی و شۆڕشگێڕانەوە. قۆناغێک کە بە کردەوە هاوسەنگی هێزی گۆڕیوە. لەو قۆناغەدا، ناڕەزایەتی و شەڕ و بەرەنگاربوونەوەی شەقام بە کردەوە شکڵ و شێوازێکی ئەمڕۆیی و پێشکەوتنخوازانەی بۆ خۆیەوە گرت. ڕەوتی ڕوو لە گەشەی ناڕەزایەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی، ڕواڵەتی سیاسی و ڕاستەقینەی کۆمەڵگەی کوردستانی بەشێوەیەکی بەرچاو گۆڕی و هەنگاو بە هەنگاو چووە قۆناغێکی شۆڕشگێڕانەوە. لەم شۆڕشەدا نێوەڕۆکی دەسەڵاتی سیاسی و ئایدۆلۆژی دەسەڵاتی ئیسلامی بوونە ئامانجی سەرەکی. شۆڕشی تازە بە هێرشکردنە سەر بەهێزترین پێگەی ئیسلامی سیاسی و یاسا و ڕێسای ئاینی چ لە ناوخۆی وڵات و چ لە ناوچەکە، بزووتنەوەی ڕزگاریی بردە قۆناغێکی نوێوە. ئەم دەستکەوتە شکۆدارە شۆڕشگێڕانەیە، دۆسیەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی بۆ هەمیشە خستە ژێر پرسیارەوە. ئەم بزووتنەوەیە نیشانی دا پڕشکۆی ئیرادەی جەماوەر لە هەڵکشاندایە و عەزمی جەزمی کردووە بۆ یەکلاکردنەوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی.

مێژووی هەموو خەبات و تێکۆشان و لێکتێگەیشتنەکان سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە کوردستان مەیڵ و خواست و هێز و پۆتانسیەلی ئەوەی تێدایە ببێتە خاوەنی ناوەندێکی بەهێز و یەکگرتوو بە گوتارێکی هاوبەشیشەوە. ئێمە بەردەوام ئاڵاهەڵگری یەکگرتوویی بووین و لەم پەیوەندییەشدا هەوڵی چڕوپڕی دڵسۆزانەمان داوە. ئێمە بۆ خولقاندنی دۆخێک تێکۆشاوین و بەردەوام تێدەکۆشین کە تێدا حیزبە کوردستانییەکان لێک نزیک بنەوە و بە تێگەیشتنێکی ئەمڕۆیی هەوڵ بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی پتەو بدەن.کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لەبەر بڕوای بە پلۆرالیزمی سیاسی و بوونی مەیل و ویستی جیاواز و ڕەنگاوڕەنگ لە کوردستان و حیزبی جۆراوجۆر کە نوێنەرایەتیی ئەو خواست و مەیلانە دەکەن، هەر لە سەرەتای چالاکییەوە هاوکاری و هاوئاهەنگیی حیزبە کوردستانییەکانی بە مەرجێکی سەرەکی بۆ بەسەرەنجام گەیاندنی خەباتی جەماوەریی نەتەوەی کورد زانیوە و هەموو ئامادەیی خۆی بۆ بەشداری لە هاوکاریی دوو لایەنە چەند لایەنە یان بەرەیەکی بەرینی کوردستانی ڕاگەیاندوە و هەوڵی بۆ داوە. پێکهاتن و هاوکاری لە سەر خاڵە هاوبەشەکان و هەوڵ بۆ گەیشتن بە ستراتیژییەکی نەتەوەیی هاوبەش دەتوانێت خزمەتی گەورە بە بزاڤی کوردستان بکات و هێز و توانای بزووتنەوەکە دژی داگیرکەر یەکانگیر بکات و هیوای جەماوەر بە سەرکەوتن گەشتر بکات. ئەزموونەکانی شۆڕشی کوردستان نیشانی داوە کە یەکێتی و یەکڕیزی دەتوانێت زامنی سەرکەوتن بێت و خەبات بۆ دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانی کۆمەڵانی خەڵک، بەهێزتر بکات. گۆڕانکاری نوێ و خێرا لە ناوچەکەدا چاوەڕێ دەکرێت. ئەو دۆخەی ئێستا لە هەر کات زیاتر پێویستی بە یەکێتی ڕیزەکانی کورد بەگشتی و هاوکاری و هاودەنگی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان هەیە.

بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ئەو دەرفەتانەی بۆ خەڵکی کوردستان دەڕەخسێن لەکیس نەدەین و لە لایەکی دیکەوە دڵی خەڵکی ناڕازی کوردستان کە بە شێوەیەک پەرتەوازەیی حیزبەکان دڵنیگەرانی کردووە ئاشت بکەینەوە و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان پێشبخرێت و هاودەنگ و یەکگرتوو بکرێت.

لێک نزیکبوونەوە و کاری جددی بۆ پێکهێنانی چوارچێوەیەک کە سیاسەت و گوتاری سیاسی کوردستان ڕێکبخات ئەرکێکی هەرە گرنگی لایەنە سیاسییەکانە و کۆمەڵەش بە کردەوە ڕەچەشکێن ئەویەتی.

## دواستون

# ئاڵترناتیڤی کوردستانیی یان ئێرانیی



**پەرویز رەحیمزادە**

لەگەڵ گەشەکردنی هەرچی زیاتری خۆپیشاندانەکان، وێڕای ئەوەی دەستی ڕژیم بە تایبەت پاش داخستنی ئینترنێت بۆ کوشتار ئاوەڵاتر بووە لە بەرانبەریشدا ڕادەی تووڕەیی خەڵک لەو ڕژیمە لە هەڵکشاندایەو پێناچێ پاشەکشە بکەن. لەم نێوەدا هاوکات گەڕێکی دیکەی هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ئاڵترناتیڤ دەستپێکردووە کە بە پێی ئەوەی تا ئێستا دەبینرێت بەرەی پەهلەوی کە هەڵگری ئایدیای شکستخواردووی ڕژیمی پێشووە زیاتر لە ئەوانی دیکە لە ڕاگەیاندنەکاندا گەورە دەکرێتەوە کە بە درووشمی هاوپەیمانی نەتەوەیی هەموو هەوڵێک دەدەن بۆ ئەوەی سەرنجی ڕای گشتیی لە دەرەوە بە تایبەت ئەمریکا و دەوڵەتی دۆناڵد ترامپ بۆ لای خۆیان ڕابکێشن.

ئێمە ئەوە بە گریمانەیەک دەگرین کە ڕەنگە سیاسەتی ڕۆژئاوا بیەوێ بەرەی پەهلەوی وەک ئاڵترناتیڤی داهاتوو داسەپێنێ کە ئەڵبەتە ڕۆژئاوا لەمبارەوە بێ ئەزموون نیەو هەر ئەوان بوون کە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویی لە دەهۆڵ و زوڕنایاندا کە خومەینی ڕێبەریی شۆڕشە. لێرەدا ئەوەی بە دیاریکراوی بۆ ئێمەی کورد دەبێتە گەورەترین مەترسی، بێبەشبوون و خستنە دەرەوەی ئەو ئاڵ و گۆڕانەیە کە بەڕێوەن و دەکرێ ڕوو بدەن. لە سەردەمی شۆڕشی ژینا ڕەزا پەهلەوی بە ئاشکرا و چەندین جار ئەو ڕستەیەی دووپاتکردەوە کە ئەو بە هیچ شێوەیەک بە نیاز نیە دەستکاریی دەزگای ئەمنیەتی و نیزامی بدات و بە وتەی خۆی لە پێوەندی بەردەوامیشە لەگەڵیان و هاوپڕۆژەیە.

ئەگەر ڕەوتی ڕووداوەکان وەک گریمانە بەو ئاراستەدا بڕوات کورد لە ڕاستیدا دەکەوێتە دەرەوەی ئەو ئاڵ و گۆڕانە، چونکە یەکێک لە گرینگترین بنەما فیکریەکانی بەرەی پەهلەوی ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە مافێکە کە باسی نەتەوە یا کیانێکی جیاواز بکات. لێرەدایە کە هەستی ناسیۆنالیستی فارس دەبزوێ بۆ پاراستنی تەمامیەتی ئەرزی وڵاتەکەی و تەنانەت زۆر کەس سەرەڕای ئەوەی کۆی بیرکردنەوەی پەهلەویان لاپەسەند نیە بەڵام بە یەک هۆکار واتە پاراستنی یەکپارچەیی ئێران هەوڵدەدەن خۆیان لە دەوری ئەو کۆبکەنەوە. چونکە سەرجەمی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەو ناوەوەی ئێرانیەکان ئەگەر لە بواری ڕوانینیشدا ناتەبا بن لەسەر یەک بابەت واتە پاراستنی یەکپارچەیی ئێران هاوڕاو کۆکن.

کوردستان یەکێک لە ناوەندەکانی جێگەی مەترسیە بۆ ڕژیمی ئێستاو داهاتوو بە جۆرێکە چ ڕژیمی ئێران و چ بەرەی پەهلەویەکان کە هەوڵی بە دەستەوەگرتنی دەسەڵات دەدەن بە شێوەی تەواو بەردەوام هەر جووڵەیەکی سیاسی و کلتووریی لە کوردستان بە پلانی دابڕان لە ئێران پێناسە دەکەن، واتە هەر جۆرە دەرکەوتنێکی خەباتی جەماوەری، ناڕەزایەتی دەربڕین یا هەرجۆرە چالاکیەک دەبەنە ئاڵقەی مەترسی بۆ سەر دابڕانی ئێران، ئەم ڕوانینە تەنانەت لە دەیان وتووێژی بەناو ڕووناکبیرانیشیان چ لە ناوەی ئێران چ لە میدیا فارسیەکانیش بە ڕوونی دەردەکەوێ. لەم نێوەدا ئەوەی گرینگترین ئەرکە لەسەر شانی هەر ڕەوتێکی سیاسی لە گۆڕەپانی خەبات لە کوردستان ئەوەیە کە بە تەواوی ڕەتی بەرەی پاشایەتی بکەنەوە و نەچنە هیچ ڕێککەوتنێک لەگەڵی. ئەگەرچی وەک دەوترێ سیاسەت لەسەر واقعیەت بونیات دەنرێ بەڵام تەنانەت ئەگەر وای دابنێین سیستەمی پاشایەتی سەرلەنوێ دەگەڕێتەوەو دونیای دەرەوەش بە هێوری قبووڵ و پەسەندی دەکات دەبێ کوردیش ببێتە بەشێک لەم واقعیەتە.

بوون بە ڕاستی حاشاهەڵنەگریش تەنیا ئەو کاتە دەکرێ کە کورد لەسەر چەند خاڵی هاوبەش بگاتە ڕێککەوتن لەسەر پرسی کوردستان کە گرینگترینیان ڕێککەوتنە لەسەر دیاریکردنی مافی چارەنووس و داسەپاندنی بەسەر هەر دەسەڵاتێک لە داهاتوو لە ئێران دێتە سەرکار. ئەم مافە بە هۆی بوونی وەک یەکێک لە بنەماکانی جاڕنامەی جیهانی و نێودەوڵەتی دەتوانێ بە بەردەوامی کورد لە مەیداندا بهێڵێتەوە و ڕێگە نەدات دەسەڵاتەکانی داهاتوو بێ مافی بکەن و لەنێو خۆیاندا بیتوێننەوە.